# گۆڤاری هاوخەباتی ئینتەرناسیونالیستی



گروپی پڕۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیستی/گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیونالیست

جەنیوەری 2022

# پێـــشـەکـــی

لە نووسینەکانی پێشووماندا , زۆر بە ووردی و هەمەلایەنی و پێ داگرییەوە ، و لە هەندێ شوێنیشدا بە دووبارە و سێ بارە بوونەوەوە، بە چەندیین زمان، قسەمان لەسەر ئەوە کردووە و ئەوەمان نیشان داوە ، کە چۆن ئەم گۆڕانکاریانەی ئەم سەردەمە, هێرشی بەکۆیلەکردنی زیاتری مرۆڤایەتی و تێکشکاندنی خەبات و لێدانێکی ڕاستەوخۆی بوونی کۆمەڵایەتی و زیندووی پرۆلیتاریایە ، لە هەموو لایەکەوەو لەسەر ئاستی جیهانی.

هەر وەها ئەوەشمان ووتووە کە هەمان پرۆسیس بریتی یە لە پێشکەوتن و چڕبوونەوەی جیهانی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و چۆنیەتی فەرمان ڕەواییەکەی. ئەمەش زور بە پێچەوانەی 22هەموو ئەو تەوژم و گروپ و ئاراستانەوە، کە ئەم پرۆسیسەی ئەمڕۆی سەرمایە، ئەم هێرشی بە کۆیلەکردنەی مرۆڤایەتیە، لەبری هێزی سەرمایە، بە ئەزمەو گیانەڵا و پەلە قاژەو خۆ خواردنەوەی سەرمایەداری ئەبینن. ئێمە ئەم پرۆسیسە بە بەرهەم و بە بەردەوامی و بە خۆ نوێکردنەوەی دیکتاتۆریەتی سەرمایە ئەبینین. بە بەرهەمی کەڵەکە بوونی سەرمایە ئەبینین لە مەیدانەکانی تەکنەلۆجیا، ئینتەرنێت، پیترۆکیمیاوی، زانستەکان، دیجیتەڵ و مامەڵەی پارە و گۆڕانکاریەکانی لە کا ر و بەرهەم هێناندا.... لە لایەک ، و پەرەسەندنی دەسەڵات و فەرمانڕەواییی سەرمایەدارانی جیهانی پابەند بەم مەیدانانەوە، بەدەم ئەم کەڵەکەبوونەی سەرمایەوە ، لەکۆمەڵ و بەسەر کۆمەڵ دا، لە لایەکی ترەوە. لێرەشەوە وەک وەڵامی سەرمایە بۆ ئەو کێشەو و بەربەرەکانێ و بەربەست و یاخی بوونانەی کە لە بیست ساڵی رابردوودا ڕوو بەڕووی دەسەڵاتی چینایەتی سەرمایەداری بوو بۆوە: ( یاخی بوونە کۆمەڵایەتیەکان، دەرکەوتنی زەقی ناکۆکیە چینایەتیەکان، زۆری دانیشتوانی گۆی زەوی و کەمی بەکارهێنانیان، ئەرکی ڕاهێنان و خستنە ئیش و کۆنترۆڵ کردنیان، دابینکردنی نیشتەجێ و جموو جووڵ و خواردن ... ، ئیقناع کردنی سیاسی و کۆمەڵایەتیان، کارەساتەکانی ئاوو هەوا، ئاگر...... ) .

ململانێی نێوان هێزەکانی ئەم پێکهاتەیە، بە دەست پێشخەری زانست و تەکنەلۆجی، میدیا و ئامڕازەکانی تری دەستەمۆکردن، ئەو زەمینەو ویست و هۆشمەندی و دەسەڵاتە جیهانیەی هێنا، کە لە ڕێی ڕاگەیاندی جیهانی بوونی ڤایرۆس و پەتاو ترسی لەناوچوونی هەمووان و خولقاندنی شڵەژانی گشتی و دەست بەسەریەوە، دەست بە جێبەجێکردنی جیهانیی ئەم هێرشی بە کۆیلەکردنی مرۆڤایەتی و نوێکردنەوەی پرۆسیسی پەیوەندیە چینایەتیە کان و دەسەڵاتی چنایەتی لەم ڕێگەیەوە بکات.

ئەم پرۆسیسەی ئەمڕۆی سەرمایە، پرۆسیسی بەرەوپێشچوون و خۆ نوێ کردنەوەی شێوەی بەرهەم هینانی سەرمایەداری خۆیەتی، لە هەموو ڕوەکانیەوە: ئابووری ، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەواییی... . بەم پێ یەش، ئەم زۆرداریە ئەمڕۆ دەستی پێ نەکردووە و بەیانیش کۆتای نایەت. نەخێر، ئەم دیکتاتۆریەتەی ئەمڕۆ هەم بەرهەم و هەم هێزی بەردەوامی سەرمایە خۆیەتی. ڕێ بۆ خۆشکردن و پەیڕەوکردنی هێز و داواکاری مەوزوعی پەرەسەندنی مێژوویی کەڵەکە بوونی سەرمایەی جیهانی خۆش دەکات و ویست و هیز و ئاسۆی زاتی ئەو چینەشە کە خاوەنی ئەم کەڵەبوونە جیهانییەیە و ئەمڕۆ فەرمانڕەواییی جیهان ئەکەن.

هەر وەکو چۆن لەناو لایەنی مەوزوعیی کەڵەبوونی سەرمایەدا، لە ناو پەرەسەندنی شیوەی بەرهەم 3هێنان و ئاڵوگۆڕکردن و داریی و ئیداری سەرمایەدا، داهێنانە تەکنەلۆجی و هاتوو چۆ و ئیداری و مالیەکان... و ئەو گۆڕانکاریانەی لە شێوەی بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕکردندا ئەیسەپێنن وەک شێوەی زاڵی پێشکەوتنخوازی سەرمایە لە جیهاندا ، هەر بەهەمان شێوە ، لە لای لایەنی زاتیش هەمان داهێنان و تەنسیقکردن و ئاسۆ کۆ ئەبێتەوە لە ناو ئەو دەستەیەی سەرمایەداراندا کە خاوەنی ئەم گۆڕانکاریە مەوزوعیەن و ئەو دامودەزگا و ئەندامە سیاسی و ئیداری و پسپۆڕ و میدیا و سەرکردە سەربازیانەی کە ئیش بۆ ئەم خاوەندارانە ئەکەن و هاوبەشن لەگەڵیاندا، لەسەر ئاستی کۆمەڵیش بەگشتی ئەمە وەک هێزێکی ئایدیۆلۆجی خۆی ئەسەپێنێت و ڕەنگ ئەداتەوە لە دامەزراوە باوەکان و سەرجادەو ژیانی ڕۆژانە و ڕێکخستن و ئاراستەدانی جەماوەردا...

هەروەک چۆن لە چەکەرەکردنی گەنموو جۆدا، چەکەرە کردنەکە زۆر بەر لە سەر دەرهێنانی چەکەرەکە دەستی پێ کردووە، هەر بەهەمان شێوە، ئەم گۆڕانکاریانەی ئەمڕۆی سەرمایە و دەسەڵاتی سەرمایەداری( بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕ ، پارەو فەرمانڕەواییی) ، زۆر بەر لە بەرجەستە بوونەوەی زاڵیان دەستی پێ کرددوە ، قسەی لەسەر کراوە، تاقی کراوەتەوە، بەرهەمەکەی بینراوە و ئینجا گشتی کراوەتەوە.
هەموو چینی سەرمایەداری کوێر نی یە لە بەردەم پەرەسەندنی سەرمایەی جیهانی و پیویستی گۆڕانکاریەکانی دا، هەموو شیان دەستپێشخەر و بە ئاگا و کراوە نین لەگەڵ ئەم پڕۆسیسەدا، لەبەر ئەمەیە کە هەموو پەرەسەندنێکی جیهانی سەرمایە خۆی گۆڕانکاری لە ڕیزەکانی سەرمایەدارەکانیشدا دروست ئەکات، پاش و پیش لە مەکانەی فەرمان ڕەوایی و کاریگەریان ئەکات، باڵادەستی و ئیفلاس بوونیشی تێ ئەکەوێت، شیوازەکانی فەرمانڕەوایش دەستکاری دەکات ( ئەمە لە ڕابردوودا لە مێژووی یەک بەدوا یەک هاتن و گوێزانەوەی هێزیئیمپراتۆریەتەکانەوە دیارە: ڕۆمی، ئیسلامی، پۆرتوگیی، ئیسپانی، عوسمانی، فەرەنسی، بەریتانی، ڕوسیی و ئەمەری..، لەمڕۆدا، لە دەرکەوتن و دەستپێشخەری جیهانی کۆمپانیاکانی مایکرۆسۆفت، گوگڵ، ئەمەزۆن، 5 جی....دا ).

لەبەر ئەوەی کە نە مەوزوعیەتی سەرمایەو داهێنانەکانی ئەتوانێت پشوو بات، وە نە ئەو چەوساندنەوەو ناکۆکیە چینایەتیانەشی کە لەسەری وەستاوە، وە نەئەو کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیانەشی کە دروستی کردووە، لەبەر ئەمە درێژەپێدان و تازەکردنەوەی خۆی هەر بەهەمان شێوە درێژەپێدان و دووپاتکردنەوەی ناکۆکیەکانیشیەتی . بەپێی ئەمەش لە ویستی زاتی و ئاسۆی دەسەڵاتی ئەو سەرمایەدارانەی کە خاوەنی ئەم هێزە مەوزوعیە پێشکەوتنخوازەی سەرمایەن ، لەم هێزەشەوە وای ئەبینن کە نوێنەرایەتی گشتی بەرژەوەندی چینەکەیان و چارەی کێشەکانیان لایە ، لەبەر ئەمانە چڕبوونەوەی سەرمایە و دەسەڵات و فەرمانڕەوایی و بڕیاردان لەدەستی ئەم خاوەندارانەدا ، وەکو مێژووی ئیمپراتۆریەتیەکان، بەرهەمی "سروشتی" خاوەنداریەتە پێشکەوتن خوازە جیهانیەکەیانە. خاوەنداریەتیەکەیان و بەم پێ یەش زاتی خۆشییان، هێز و مەکانە و مافی نوێنەرایەتی کردنی گشتی و ئاسۆی فەرمانڕەوایی داهاتووی چینی بۆرجوازیەتیان هەیەو لێرەشەوە دەسەڵاتە سیاسیە جیهانەکەیان.

هەر وەکو چۆن لە مێژووی ئیمپراتۆریەتەکاندا، دەرکەوتنی هێزی نوێ، کۆنەکەی نەسڕیوەتەوە، بەڵکو پێشی داوەتەوەو جڵەوەکەی لێ سەندووەو بەدوای خۆیدا ڕای ئەکێشێت، لەم گۆڕانکاریانەی ئەمڕۆشدا، هیچ سیما کۆنەکان نەسڕاونەتەوە، بەڵام پاشوو پێشەکان گۆڕاون و جڵەو گرتن و بەدوادا ڕاکێشان دەستکاری کراو و هەندێکیش خراونەتە لاوەو بەرەو مەتحەف ڕەوانەکراون.

ئیمە ، بە پێچەوانەی باڵی حەتمیەتی ئابووری چەقین و دڵ وەستان و گیانەڵادانی سیستەمی بەرهەم هێنان و بازرگانی سەرمایەداریەوە، لە لایەک، وە باڵی لە کۆتاییی نەهاتنی پەرەسەندنی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری و پێویستی تێکۆشان بەدەم ئەم پەرەسەندنەوە لە خزمەتی دیمۆکراسیەت و یەکسانی و پێشکەوتنی کۆمەڵ دا، لە لایەکی ترەوە، ئێمە بەپێچەوانەی هەردوو ئەم باڵەی سۆشیال دیمۆکراتەوە، ئەم گۆڕانکاریانەی ئەمڕۆ بە ئاگردانی ناکۆکیە چینایەتیەکان ئەبینین. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێک بە پێچەوانەی ئەو ئامانجەوەیە کە سەرمایەدارەکان بۆی تێ ئەکۆشن و کردوویانەتە نیشانەی شاڵاوەکەیان: دەستەمۆکردنی پوختی مرۆڤایەتی ، و بەم پێ یەش سڕینەوەو لەناوبردنی ناکۆکیە چینەیەتیەکان!

کاتێک کە پەرەسەندنی سەرمایەداری، لە ڕێگەی سەپاندنی گۆڕانکاربەکانی یەوە، گۆڕانکاری لە ژیانی چەوساوەکانی جیهاندا ئەکات، داوای ڕیزکردنەوەو زیاتر ئامادەبوونیان لێ دەکات، مرۆڤایەتیان لێ کەم ئەکاتەوە، و ڕۆڵەکانی خۆی بەسەریاندا ئەسەپێنێت، ژیانیان بێ بەها ئەکات، بوونەکەیان ژەهراوی ئەکات، نەبوونی و داماوی و نەخۆشی وپەک کەوتەیی و بێ دەسەڵاتی ئەکاتە پڕۆسیسیزاڵی ژیانیان... بازرگانی زیاتر بە هەموو لایەن و پێویستیەکانی مانەوەیان ئەکات و زیاتر لە چوارچێوەیان ئەگرێت.. ئەمە هەر پێشکەوتنی سەرمایەداری نی یە، هەر زیاتر چەوساندنەوەی چەوساوەکان نی یە، بەڵکو یەخەگرتنی پڕۆلیتاریایە لە سەر ئاستی جیهانی بۆ شەڕ! بۆ بەربەرەکانێ... لێرەوەیە ، کە لەگەڵ ئەم هەموو فەزاحەت و تاوان و سەرکوتکردنەی ئەمڕۆی سیستەمی سەرمایەداری دا، لە سەرێکەوەو، لەگەڵ شاییی و دەستپێشخەری و پێشکەوتنی سەرمایەداران لەسەرەکەی تریەوە، دوژمنایەتی نێوان پڕۆلیتاریا و بۆرجوازیەت تیژ ئەبێتەوە، زیاتر قوڵ ئەبێتەوە، زیاتر جیهانی ئەبێتەوە.
ژیانی پڕۆلیتاریا لە هەموو ڕوویەکەوە ئاگر دراوە، ئاگرەکەش دەستدرێژیی و دیکتاتۆریەتی سەرمایەیە بە گۆڕانکاریە لە بن نەهاتووەکانیەوە، ئەم ئاگرەش خۆی بۆ خۆی نەک هەر ناکوژێتەوە، بەڵکو تا بۆی بلوێت زیادیش ئەڕوات. خستنەوەی ئەم ئاگرە کۆنترۆڵ کراوە پێویستی مەوزوعی پەرەسەندنی سەرمایەو ویستی زاتی خاوەندارەکانی سەرمایەیە. پڕۆسیسێکی پێشکەوتن خواز و پەرەسەندووی بە مەبەستی دەسەڵاتدارانە. پڕۆلیتاریا ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهانی کەوتۆتە بەر ئەم ئاگرە . بە گەرمی و تەوژمی ئەم ئاگرە شلەقێنراوو و شڵە ژێنراوە ، لەیەکتری دوورخراوەتەوە... نە ئەتوانێت لێی دەرباز بێت و نە ئەشتوانێت لەگەڵی بڕوات! سویچی گەرم کردن و خاوکردنەوەی تەوژمەکەش بەدەست دەسەڵاتدارانەوەیە.. تاکە ڕێگا لەبەر دەمی دا سەنگەرگرتنە بەڕووی ئەو هێزەدا کە ئەم ئاگرە خۆش ئەکات. کە پاکانەی بۆ ئەهێنیتەوە، کە چیرۆکی بۆ هەڵ ئەبەستێت، کە مەبەست و مەرامی سەرمایەداری ئاگرەکە حەشار ئەدات... یاخی بوونی مرۆییی و چینایەتیەیە لە هەموو سوچێکەوەو لەسەر هەموو ئاستەکان، دژ بەم دەسەڵاتە.

ئەو تەوژم و  گروپ و کەسە "سۆشیالیستی" و "چەپ" و "مارکسی"... یانەی کە گۆرانی جۆراو جۆر بە سەر ئەم ئاگرەدا هەڵ ئەدەن: بە ئەزمەی ئابووری و ئیفلاس بوونی  مێژوویی شێوەی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری ئەبیین. بە  نەگبەتی سەرمایەو بێ دەسەڵاتی سەرمایەداری ئەبیینن!  ئەمانە ، هەر وەکو لە ڕابرددودا ڕووی داوە، بە ئاگا و بە بێ ئاگا، سەر بە ئاراستەی بەرەوپێش چوونی سەرمایە و بەردەوامی شاڵاوەکەن.  هەمان پڕوپاگەندەی  بڵاوکراوە زاڵەکان ئەجونەوە، و بەلای ئەوانەدا ئەیشکێنەوە کە ئاگرەکە خۆش ئەکەن،  خەریکی ڕازی کردن و ئاراستەدانی  پڕۆلیتاریاکانن بە وەی کە لەگەڵ ئاگرەکەدا بژین( وەک لەجەنگەکاندا بەهەمان شێوە) چوونکە هیچی تری پێ ناکرێت! ...  ئەمانە لە قنەوە لغاوی ئەکەن!  ڕابردوو زینوو ئەکەنەوە... ئەمانە  نە خەبات گیڕن و نە هیچ  ڕاستیەکیش ئەڵێن لەسەر ئەمڕۆی ئەم جەنگە. ئەمانە  پۆخڵەواتی کەڵەکە بوونی مێژووی تەوژمە جۆراو جۆرە  سۆشیال دیمۆکراتەکانن،  و بۆچوونە ئابووری و دیمۆکراتی و سۆشیالیستیەکانی پابەند پێیانەوە( کاوتسکی.....) ئەڵێنەوە. یاری بە ئازار و هەست و بیرکردنەوەی ئەو پڕۆلیتاریایانەوە ئەکەن کە گوێ یان لێ ئەگرن. لە خەبات لایان ئەدەن و دەستەمۆیان ئەکەن....

هەر وەک لەسەرەوە ووتمان، خۆشکردنی ئەم ئاگرە بە ژیانی پڕۆلیتاریا ، پڕۆلیتاریاکان هان ئەدات بۆ بەردەوامی ژیانیان و لێرەشەوە بۆ دژایەتی و سەنگەر گرتن. سەرمایە دەست بەسەری ئەکات، ئەوان هەوڵی شکاندنی ئەمە ئەدەن، سەرمایە لەیەکتریان جیا ئەکاتەوە، ئەوان هەوڵی نزیک بوونەوە  ئەدەن، سەرمایە هەناسەیان  ئەبەستیتەوە، ئەوان هەوڵی پچڕاندنی بێ هەناسەیی ئەدەن، سەرمایە برسی یان ئەکات، پارەیان لێ ئەبڕێت، سزایان ئەدات، مەسرەف و زەریبەیان زیاد ئەکات... ئەوان  بەپێچەوانەی ئەمەوە بەدوای سەرچاوەکانی ژیاندا ئەگەڕێن... ئەم هەوڵی بەردەوام بوونی ژیان و خەباتی  دژایەتی کردنەیە کە سەرەتای سەرهەڵدانی  شەپۆلێکی ناڕەزایەتی و یاخی بوون و پەلاماردانی پچڕ پچڕی خولقاندووە لەسەر ئاستی جیهانی.

لەم شەپۆلی‌ناڕەزایەتەدا، تەنها ئەو پڕۆلیتاریانە نەهاتوونەتە مەیدانی خەبات کە بەشێوەیەکی تیئۆری لە ڕابردووی ململانێ چینایەتیەکان و بیردۆزەکانی خەبات تێگەیشتوون ، هوشیارن بە پلانەکەی سەرمایە، بەڵکو ئەو پڕۆلیتاریایانەش لە خەباتدان کە ڕاستەوخۆ بەر ئاگرەکە کەوتن و ژیانیان وێران بووە، کە نامۆن بە  ئیجرائاتەکانی دەسەڵات... ئەوانەشی کە تا دوێنێ توانای بەردەوامی ژیانیان هەبووە و ئەمڕۆ بەڕەکەیان لەژێر پێ ڕاکێشراوە و ماڵیان وێران بووە...  هەروەها ئەوانەشی کە لە ڕابردوودا لەزەتیان لە هاتوو چۆ و بوونی سروشتی و کۆمەڵایەتی بوونەوەی خۆڕایی و هەرەوەزی ژیان بینیوەو ئەمڕۆ لێ یان قەدەغە کراوە... بەم شێوەیە و لەسەر ئاستی جیهانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پڕۆلیتاریا کەو توونەتە نارەزایی و خەبات و سەنگەر گرتن.
 بەڵام لەکۆتایی 2019 وە  ولە ڕێی‌ڕاگەیاندنی جیهانی پەتا و سەپاندنی مەنعەتەجەول و ئیجرائاتەکانی دەست بەسەریەوە ،  سەرمایەدارەکان گۆڵ لە دوای گۆلی چینایەتی لە پڕۆلیتاریا ئەکەن! ئەم گۆڵکردنە، جڵەوی ململانێ چینایەتیەکانی ڕابردووی لەدەست پڕۆلیتاریا دەرهێناوەو،  جڵەوی سەرکوتکردنی داوەتە دەست بۆرجوازیەتی جیهانی لە هەموو شوێنێک.  لە ڕێی دەست بەسەری و مەنعەتە جەولی جیهانی و کۆمەڵایەتیەوە، ئەو ناوچانەی کە پڕۆلیتاریا تیایدا دەستپێشخەری گرنگی خەباتی دژ بە

سەرمایەداری کردبوو ( لوبنان، عێراق، هۆنک کۆنگ، فەڕەنسا، کۆنگۆ، شیلی....) . جادەکانی داگیر کردبوو. یەخەی بۆرجوازیەتی بە تووندی گرتبوو، لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئینتەرناسیونالیستی دا بوو..، ، لە یەکتری و لە هاتوو چۆ دابڕان. ئەو شار و ناوچانەی کە هێزەکانی دەوڵەت نەیان ئەتوانی بە6 شەڕ و ، سیاسیەکان بە ڕازی کردن، لەدەست پڕۆلیتاریای دەربێنن ئابڵوقەدران.. لە کاتێکدا کە پڕۆلیتاریاکان یەکە بەیەکە، خێزان بە خێزان ، ناوچە بە ناوچە لەیەکتری دابڕێنران... و پارەو خواردن و ئاوو کارەبا و خزمەتگوزارەیەکانی تریان لێ گیرایەوە... هەر لە هەمان کاتدا هێزەکانی دەوڵەت پارەیان بەسەرا ڕژێنرا و پڕ چەک کران و هاتوو چۆیان کرایەوە. بەبێ تەقە و بەربەرەکانی دزەیان کردە ناوچە یاخی بوەکان و بنکەکانیان تیا دامەزراند و دەسەڵاتیان گرتەوە دەست... لە کاتیکدا کە پڕۆلیتاریاکانیان سەرقاڵ کرد بە بێ دەرامەتی و برسێتی و نەبوونی و نەخۆشی و بێ خزمەت گوزاری و گێژاوی جیهانی پەتاوە، و ڕووەو دامەزراوە تەندروستی و خێرخوازی و "یارمەتی" دەرەکانی دەوڵەت پاڵ پێوەنران...، لەهەمان کاتدا دەوڵەت خۆی ڕێک ئەخستەوەو هێزەکانی تووند و تۆڵ ئەکرد و پڕ چەک ئەکردن و بە جادەکاندا بڵاوی ئەکردنەوە... مەیدانەکانیان لە پڕۆلیتاریاکان سەندەوە، هاتوو چۆیان بڕیین، توانا ڕێکخراویە ناوخۆیی و دەرەوییەکانیان پەرت پەرت کرد و خەباتەکەیان لەبەر یەک هەڵوەشاند... ئەمەیە کە بە گۆڵی چینایەتیناومان بردووە. بەپێی ئەم دەست پێشخەریەی دەوڵەت ، لەڕێی ڕاگەیاندی جیهانی پەتا و مەنعەتەجەوڵ و برسی کردنەو، پاشەکشەی پڕۆلیتاریا لەسەر ئاستی جیهانی، داهێنانی کۆڤید-19 و ئیجرائاتەکانی پلانیکی جیهانی داڕێژراو و بەمشاوەرەو بە لکۆڵینەوەی دژە شۆڕش بوو ( نەک ئەزمە و تەنگە نەفەسی ئابووری سەرمایەداری) دژ بە سەردەمێکی شۆڕشگێڕی مێژوویی ( 2010-2019 ).

لێرەدا ئەوە دیارە کە دەستپێشخەری جیهانی دەوڵەت دژ بە خەباتەکانی 10 ساڵی ڕابردووی پڕۆلیتاریا سەرکەوتنێکی جیهانی بەکردەوەی دژە شۆڕشە. هەر بە هەمان شێوە پاشە کشەپێکردنی پڕۆلیتاریا و دابڕانی لە بەردەوامی ئەو دەساڵەی خەبات بەزینێکی بەکردەوەی خەباتی ئیبتەرناسیونالیستی پڕۆلیتاریایە. دەوڵەت قازانجیکی جیهانی کۆکردۆتەوەو پڕۆلیتاریاش زەرەرێکی جیهانی لێکەوتووە.. هێزی دەست پێشخەری و سەپاندنی گۆڕانکاریەکانی ئەمڕۆی سەرمایەی جیهانی ، بە پشتیوانی ئەم سەرکەوتنەی بەسەر دەساڵی ڕابردووی خەباتەکانی پڕۆلیتاریادا پەرەی سەندووە، هەروەها بەرپەرچ دانەوەکانی ئەمڕۆی پڕۆلیتاریاش،دژ بە دەسەڵاتی پەتایاوی سەرمایە ، هەم لەژێر قورسایی ئەو دۆڕاندنە مێژووی یە دا سەری هەڵداوەو و هەم هەوڵی پەیوەست بوونەوە شە بە ڕەبچەکانی ئەو دەساڵەی خەباتەوە ، لەبەر ئەوە پڕۆلیتاریا لەمڕۆدا گەرچی بەتەواوی دانەبڕاوە لە بوار و بیرەوەریەکانی ڕابردووی خەبات، بەڵام لە بارودۆخێکی زۆر زاڵی دژە شۆڕشدا بەرپەرچ ئەداتەوەو هەوڵی بەردەوامی خەبات و خۆ ڕێک خستن ئەدات...

زاڵیەتی ئەمڕۆی دژە شۆڕش لە جیهاندا ، و هاوکاری ئاشکرای هەموو دەستە بۆرجوازیەکان و حکومەتەکان ، لە هەموو وولاتەکاندا، لە سەپاندنی فەرمانڕەوایی جیهانی دژە شۆڕشدا، ئەمە پەردەی نەتەوەییی و سەربەخۆییی و کەلتووری لەسەر هەموو دەستە بۆرجوازیەکان دا دڕی وە، و ماهیەتە هاوبەشە چینایەتی و جیهانیەکەی بە زەقی خستۆتە ڕوو. سنووری ئایدیۆلۆجی نێوان ئیمپریالیزم و

دژە ئیمپریالیزمی سڕیوەتەوە ، بۆرجوازیەتی ناوخۆیی و بۆرجوازیەتی نێونەتەوەییی پێکەوە ڕیز کردووە، دەرەوە و ناوەی لەیەک داوە... هەموو بەشەکانی دژە شۆڕشی لە یەک پرۆگرام و فەرمانڕەوایی جیهانی دا نیشان داوە... ئەم واقعە لە تەقینەوەکانی داهاتووی پرۆلیتاریادا ڕەنگ ئەداتەوە ، و هەم خەباتەکەی بە ڕوونتر سیما جیهانی و چینایەتیەکان نیشان ئەدات( دروشمە جۆراو جۆرەکانی نەتەوەو نیشتمان ... ئەچێتە تەنەکەی خۆڵەکەوە ) ، و ئاڵا و دەستی ئینتەرناسیونالیستی زیاتر بەرز ئەکاتەوە، وە هەم ئەو هیزانەی کە دژایەتیان ئەکات بە ئاشکراتر و کراوەتر توانای جیهانی سەرمایەداری ئەنوێنن و چەکدار ئەکرێن...
لەگەڵ زاڵیەتی ئەمڕۆی دژە شۆڕشی چیهانی و قورساییەکی ڕاستەقینە لەسەر باری ژیان و خەباتی پرۆلیتاریا، پرۆلیتاریا هیچ ڕێگایەکی تری لەبەردەم دا نی یە جگە لە بەردەوامی دان بە خەباتەکەی! بە ئاشکرا بە فەرمانڕەواییی جیهانی سەرکوت ئەکرێت و لێی ئەدرێت، ئەویش هەر ئەبێت بە ڕوونی تەعبیری ئینتەرناسیونالیستی و چینایەتی لە خۆی بکات ، و ئەمەش لە کردەوەکانی دا نیشان بات. دوو بوونی جیهانی ، لە دوو مەوقعی جیاواز و دژ بەیەکەوە، یەکتری دێنن و دەبەن.



ئەمە سیمای خەباتەکانی پرۆلیتاریا ئەبێت لە مرۆ بە دواوە.. بێ گومان شاڵاوی ئایدیۆلۆجی بۆ شێواندنی ئەم ڕوونی یە ناوەستێت، و دەزگاکانی دەوڵەت کۆڵ نادەن لە هەڵبەستن و دەست تێوەردان و شیواندن، بەڵام هەم واقعی زاڵی جیهانی دژە شۆڕش و هاوکاری هەموو دەستە نەتەوەییەکانی، لە یەک فەرمانرەوایی ئاشکرادا، وەهەم هاو خەباتی پرۆلیتاریا لە هەموو وولاتەکاندا ،دژ بەهەمان سەرکوتکردن و باری ژیان، لەگەڵ پەیوەندی تێکۆشەرەکان بە خەباتەکانی ڕابردووە... ئەمانە ئەو هێزە دەداتە پرۆلیتاریا کە بتوانێت بەرپەرچی ئەم شێواندنە باشتر و ڕوونتر لە جاران بداتەوە.

## بابەتی "پاندامیک و ڤاکسین و شاڵاوی تەندروستی ..." بریتی یە لە نەفی کردنی مرۆڤ!

**ئەم شاڵاوە بریتی یە لە لێدانی تۆتاڵیتی سەرمایە یە بۆ ژیان... ! پڕۆسیسی نەفی کردنی مرۆڤ و ژیانە... بڕیاردانە لەسەر گۆی زەوی و چارەنووسی مرۆڤایەتی**

ئەم بڕیادران و پڕۆسیسە، شتێک نی یە کە لە "خوارەوە" سەری هەڵ دابێت و لە "سەرەوە" بەبەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن! نەخێر ئەوە سەرلێشێواندنە. ڕێک بە پێچەوانەوە، بڕیاری جەنگە لەسەرەوە دراوە دژ بە ژیان و بە مرۆڤایەتی و لە خوارەوە جێ بە جێی ئەکەن...
ڤایرۆس و پاندامیک و پاکو خاوێنی تەندروستی... لەوەوە نەهاتووە کە سەرمایە لە دەستی دەرچووە، لە ناکۆکی و نا دەسەڵاتی ناو سیستەمەکەوە تەقیبێتەوە و سەرمایە بۆی کۆنتڕۆڵ نەکرابێت ،بۆیە هەموو ژیانی ڕاگرتووە! بۆ ئەوەی کۆنتڕۆڵی ئەو تەقینەوەیە بکات. نەخێر لە بەر ئەمە نی یە. بە پێچەوانەوە. تەقینەوە نی یە، بەڵکو ڕاگەیاندنی جەنگە بۆ خڕکردنەوەی مرۆڤایەتی و کۆنتڕۆڵ کردنی. ئەو وەکو تەقینەوە نیشانمانی ئەدات ،بۆ ئەوەی بە هۆشیاری خۆی لێ بێ بەری بکات و بیکات بە سودفە و لاموبالات و خەتای ئەم و خەتای ئەو. ئەمە وەک هەموو جەنگێک بە شێکە لە درێژەدان بە جەنگەکە و لە پڕۆسیسی دابەشکردن و بەکار هێنانمان. لە بڕیاری جەنگە کە خۆی. بەمەش زیاتر وونمان کات، دا بەشمان کات، تێکمان بشکێنێت و بەرەو سەرکەوتن بڕوات..

ئەم بابەتە لە هەڵەیەکی تاقی گاشەوە نەهاتووە. کەس بە هەڵە ئەمەی نەکردووە. لە نەزانیینەوە نی یە... ئەم جۆرە چیرۆک هەڵبەستنە هەم بۆ چاوبەستنمانە و هەم بۆ ئەوەیە کە ئەگەر پێویستی کرد بیکەن بە مونافەسەی نێو دەوڵەتی بۆ بەشێکی تر لە جەنگەکە. نەخێر ئەمە ڕاگەیاندنی جەنگی کیمیاوی، بایۆلۆجی، دیجیتەڵی، پاکسازی، پارەی ڕەمزی ... یە بەسەر بوونی ماددی و دەروونی مرۆڤ دا. بەسەر باری ژیاندا. بەسەر تەوای کۆمەڵ دا. بۆ سەرشۆڕکردنی بێ ئەم لاو ئەولا و بێ مەنفەزی ژیانە لەو جەنگەدا. بۆ نەفی کردنی بوونی زیبندووی مرۆڤ و مرۆڤایەتی یە.
بە پێی ئەمەش، لەمەولا بەبێ کیمیاوی، پارەی رەمزی، دیجیتەڵ، سەرشۆڕی بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.. بواری ژیان و هاتوو چۆی کەس نادرێت. ئەوانە زاڵ ئەکرێن بەسەر ژیاندا و دەکرێنە ڕێزی پێشی پێشەوەی "چالاکیەکانی" مرۆڤ. ڕیزی پێشی پێشەوەی بوونی" زیندووی"مرۆڤ. ڕیزی پێشی پێشەوەی هەناسەدانی مرۆڤ. کۆمەڵایەتی بوونەوەی مرۆڤ.... ئەبێت مرۆڤایەتی باج و سەرشۆڕی ئەمە بێت ئینجا بۆی هەیە بەردەوام بێت! ئەمە یە نەفی کردنی مرۆڤایەتی! ئەمەیە سەرشۆڕی مرۆڤایەتی بۆ بەها! ئەمەیە دیکتاتۆریەتی سەرمایە دژ بە ژیان! هەر ئەمەشە کە بڕیار و ڕاگەیاندنی جەنگە لەسەرەوە و جێبەجێکردن و سەپاندنێتی لە خوارەوە!

لەم جەنگەدا تەنها مەسەلەیەک کە گرنگی هەرە بەرزی هەبێت بەلای سەرمایەوە ئەوەیە کە **چەند تێک ئەشکێنێت**. چەند ئەوانە زاڵ ئەکات کە باسمان کردن. بەرزتریین و بەرفراوانتریین تێک شکاندن، نزمتریین و بەرتەسک تریین بوار کردنەوە بۆ ژیان. گرتتنەوەی هەرە بەرزی بوارەکانی ژیان، ڕێگەدان بە

تۆزقاڵی، بە قەترە قەترەی دابین کردنی پێویستیەکانی ژیان. ئەمەش بە کولفەیەکی زۆر بەرز تر و بە مەرجی ڕسوای و چاوەڕوانی و سەر شۆڕیەوە ( نەفی کردنی بوونی مرۆڤ). بواری دان هەڵ کێشان و کڕینی دەرمانی ئازارت ئەدا، بەڵام نایەڵێت دانت بۆ پڕکەنەوە، چاکی کەن، دەستی پیا بێنن... دان هەڵ کێشان تێکشکاندنەو کەلەبەرێکی هەتا هەتاییی لە ژیانتا دروست ئەکات. ئەبێت یا بەو تێکشکاندنەوە بژییت بەرەو مردن وە یان هەوڵ بەییت ئەو کەلەبەرە وا پڕکەییتەوە کە هەست بەوە بکەییت ئیتر کەلەبەر نی یە. لەم جەنگەدا تێکشکاندنەکە، دروستکردنی کەلەبەرەکە، هەستکردن بە نوقسانیەکە ڕێگەی پێ دراوە بەڵام پڕکردنەوەکەی بۆ ئەوەی هەست بەخۆت بکەییت، لەخۆت ڕازی بییت ، ئەوە مەمنوعە. تەنها ئەگەر دەوڵەمەند بییت. کە بە ئینشورانس و خزمەتگوزاری تایبەتی پارەکە مەمنوعی ناهێڵێت. ئامانجی ئەم جەنگە تێکشکاندنی بوونی مرۆڤ و کەلەبەر دروستکردنە لە ژیاناو سەرشۆڕکردنیەتی لە هەوڵەکانی پڕکردنەوەدا.

دژ بەم نەفی کردنە سەرتاپاییە ئەوە ڕاست نی یە کە بڵێیین ئەمە "پاندامیکی سەرمایەیە"، ئەمە" هەلێکە بۆ سەرمایە"، ئەمە"نیوەی راستەو نیوەی درۆ"، ئەمە " ڕاستە ڤایرۆسە بەڵام زل کراوە"، ئەمە"بکوژە بەس یەکجار وانی یە"، " ئەمە ئەزمە یە بۆ سەرمایە"، " ئەمە بابەتی تەندروستی یە بۆ مرۆڤ"...... چونکە هەموو ئەم دەربڕینانە نەک هەر دەست ناخەنە سەر بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایە لەبابەتەکادا، بەڵکو پاڵ پشتیشی ئەکەن. چوونکە دەست ناخانە سەر ئەوەی کەئەمە نەفی کردنێکی سەرتاپاییە و پلانێکی داڕێژراوی هۆشیارانەی دەزگای زانیاری و پاراستنی سەرمایەی جیهانیین.
وەکو هەموو پلانەکانی تر، بۆ نموونە تیرۆر و دژە تیرۆر، چەندیین ساڵی پێ چووە، لە چەند شوێن مەشقی لەسەر کراوە، هێز و ڕابەرایەتی و دەستەی تاییبەتی بۆ دیاری کراوە. زانیاری کۆکردنەوەو بڕیاردان و جێ بەجێکردنی باش دەست نیشان کراوە. شانۆگەری بۆ ئامادەکراوە.... وەکو هەموو پلانەکانی تر تەنها دەستەیەک لە سەرکردە جیهانیەکان، لە پارەدارەکان، لە بەرپرسیارە سەربازی و ئەمنیەکان بەئاگابوون و بۆیان هەبووە کە بە ئاگا بن لە پرۆسیسی ئەم پلانەدا. لە ناو هەموو دەزگا کانی دەوڵەتدا تەنیا چەند دیاری کراوێک بۆیان هەبووە کە ببن بە شێک لە پلانەکە. بەپێی مەکانەو پەیوەندی نێودەوڵەتی و تۆکمەییی بیرو ڕایان و وردەکاریەکانی تر دەست نیشان کراون. هەر وەکو دەست نیشان کردنی بەڕێوەبەری ئەمن، یان سەرکردەی سوپا، یان هێزی دژە شۆڕش، یان دەستەی بکوژ و فڕێنەر و سزادەر.... بۆ نمونە زۆر بۆی هەیە کە ماکرۆی فەڕەنسا، سەرکردەکانی چین، مودی هندستان، میرکڵی ئەڵەمانیا، پوتینی ڕوسیا، ناتانیاهۆی ئیسرائیل، پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاوێژکارە تایبەتیەکان.... چەندیین جار لە گفتوو گۆدا بووبن لەسەر ئەم بابەتە. چەندیین جار بە ئاگا کرابنەوە لە هەنگاوەکانی... بەلام بەشێک لە سەرکردەکانی تر تەنیا گوێرایەڵ و جێبەجێکەر بووبن. بۆ ڕاگەیاندنی جەنگی تیرۆر و دژە تیرۆریش هەر وابوو. بۆ هەموو دەست پێشخەریە جیهانیەکانی سەرمایە هەر وایە. لە هەموو جەنگەکاندا هەر وابووە.
بۆیە لە دژایەتی کردنی ئەم شاڵاوی نەفی کردنەماندا، جیاوازیەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان ئەو هەڵوێستەی کە ئەڵێت "سەرمایە پەتای ئیستغلال کردووە بۆ مەرامی خۆی " ،" یان سەرمایە خۆی پەتایە"...، لە گەڵ ئەو هەڵوێستەی کە ئەڵێت " پەتا بەڕاستی بوونی لە ئارادا نی یە ئەمڕۆ. ئەوەی هەیە پلانێکی لەسەرەوە داڕێژراوەو لە مەیدانی تەندروستی دا بۆ تێکشکاندنی ژیان و سەرشۆڕکردنی

مرۆڤایەتی"، بۆ گرتنەوەی بوارەکانی ژیان و برسی و ڕسواکردنی چەوساوەکانە. تێکشکاندنی بوونی ماددی و دەروونی مرۆڤ. هەڵتەکاندنی مرۆڤەکان و ڕاوەشانیان بۆ ئەوەی هەم تووشی شڵە ژان بن و هەم ئەوەی کە پێیانە بکەوێتە خوارە لێیان بۆ گیرفانی سەرمایە و داما و زەلییل تر ببن.
جیاوازیەکی گەورە هەیە لەنیوان ئەو هەڵوێستەی کە ئەڵێت سەرمایە کەو تووە بە سەر پەتادا و پەتا هەیەو لەئەنجامی وێنکاری سەرمایەوە سەری هەڵداوە و ئێستا سەرمایە بەکاری دێنێت بۆ تیمارکردنی ئەو وێرانکاریە. لەگەڵ ئەو هەلوێستەی کە ئەڵێت پەتا لەسەرەوە داڕێژراوەو فەرمانی جێبەجێکردنی دراوە لەسەر ئاستی جیهانی بۆچەند مەبەستێک:
- تێکشکاندنی مرۆڤایەتی و سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی
- کەم کردنەوەی پڕۆسیسی بەرهەم هێنان و بەرهەم هێنانەوە( بە مرۆڤ و ژیان خۆشیەوە)...
- زاڵ کردن و دەسەڵاتدارێتی کیمیاوی، بایۆلۆجی، دیجیتەڵی، پاکسازی، پارەی ڕەمزی ... یە بەسەر بوونی ماددی و دەروونی مرۆڤ دا. بەسەر باری ژیاندا. بەسەر بوونی فیزیاوی ماددەدا..
- تێکشکاندنی هێزی ماددی و مرۆییی شۆڕش. خستنی سەرتاپاییی خەباتی پڕۆلیتاریا
- توووند و تۆڵ کردنەوەو سەرخستنەوەی چینی بۆرجوازیەت
-توووند و تۆڵ کردنەوەی دەوڵەت.
-کردنی جیهان بە سەربازگا
- کردنی ئاڵ و گۆڕ و هاتوو چۆ بە دیجیتەڵ
- سەرخستنی سەرتاپاییی پارە و کردنی پارە بە ڕەمزی و وێنەییی و دیجیتەڵ...
-زیاد کردنی باج و زەریبە و سەرانەو سوو.. بەڕاددیەکی زاڵ لە ئاڵوگۆڕدا
-بەرزکردنەوەی ڕێژەی چەوساندنەوەی مرۆڤ، بە گران کردنی باری ژیان و زیاد کردنی قەرز و قۆلە و باچ و سەرانە و .....
-ناچارکردنی مرۆڤ بە ملدان بۆ کۆیلایەتی
- زیندوو کردنەوەی ئایین و خێرخوازی و خۆ بەخشی و داوو دەرمانی نەفسی و خۆبەدەستەوەدان...
بۆ پڕکردنەوە ی بۆرجوازیانەی ئەو تێشکاووی و بۆشاییانەی کە ئەم شاڵاوە دروستی ئەکات، بۆ ئەوەی نەچێت بەرەو یاخی بوون..
- ڕووتاندنەوە و دزیینی تەواوی ئەوەی کە چەوساوەکان چەند ساڵێکە لە دەمی خۆیان گرتۆتەوە بۆ ڕۆژی تەنگانە! بۆ ئەوەی هیچ زەمیینەیەکیان نەمێنێت کە لێوەی هەست بە سەربەخۆی یان خۆ بەدەستەوەنەدان بکەن.

**هەموو ئەمانەی سەرەوەش زیادکردنی بەها و دەوڵەمەندی و فەرمان ڕەواییی پارەیە بەسەر ژیاندا**





# گۆڕانکاریەکانی ئەم سەردەمەی دەسەڵاتی سەرمایەداری و باری خەباتی پڕۆلیتاریا

ئەم گۆڕانکاریانەی ئەم سەردەمەی سەرمایەداری چی لە مرۆڤایەتی ئەکات و بەرەو کوێی ئەبات؟
چی لە خودی ژیان و کۆمەڵگای زیندوو ئەکات؟
بوونی مرۆڤ چی لێ بەسەر دێت؟ هەستکردن بەژیان و سۆزی مرۆڤایەتی چی لێ دێت؟
پەیوەندی زیندووی مرۆڤەکان بە خۆیانەوە، بە یەکتریەوە، بە سروشتی دەرەوەی خۆیانەوە، بە ئاو و زەویی و هەواو ووزەوە... چۆن ئەبێت؟ چی ڕوو ئەدات؟
جمووجووڵ و کۆمەڵایەتی بوونەوەی تاکەکان چی لێ بەسەر دێت؟
چی لە سیستەمی کار ، بوونی کرێکاران، کۆبوونەوەی کرێکاری و خەباتەکەیان ئەکات؟
چی بەرەوڕووی پڕۆلیتاریای ئینتەرناسیونالیستی و خەباتی کۆمۆنیستی ئەکاتەوە؟ پڕۆژەی کۆمۆنیزم و "ڕزگارکردنی ژیان لە ژێر ڕکێفی سەرمایە" چی لێ دێت؟
ململانێی مێژوویی چینایەتی ئەم سەردەمە چۆن ئەبێت؟ چینی بۆرجوازیەت بە کوێ ئەگات؟
سەرمایە خۆی چی لێ بەسەر دێت؟ بەرهەم هێنانی جیهانی چۆن ئەبێت؟ بازرگانی جیهانی و دەسەڵاتی جیهانی بەرەو کوێ ئەڕوات؟ بوارەکانی کەلەکەبوونی خەستی سەرمایەی جیهانی کامانەن؟
دەوڵەتە نیشتمانیەکان، حکومەت و ئیدارە ناو خۆیی یەکان بەرەو کوێ ئەچن؟
بازاڕە ناوخۆییەکان چیان لێ بەسەر دێت؟ کڕین و فرۆشتن و بازرگانی جیهانی بەرەو کوێ ئەچێت؟
پارە چی لێ دێت؟
بەرهەم هێنانی سادە، تاک تاک و خانەوادەیی، پیشەییەکان، بازاڕەکانیان... چیان لێ بەسەر دێت؟
کڕین و فرۆشتنی ڕاستەوخۆی پێویستیەکانی ژیان چیان لێ دێت؟

چۆن ئەژین و چۆنیش بەرپەرچ بدەینەوە؟

گۆڕانکاریەکانی ئەم سەردەمە، یان ڕاستر بڵێین دەستپێشخەری و پێداگرتنەکانی ئەمڕۆی سەرمایەداری لەسەر ئاستی جیهان، بەرهەمی باڵڕاکێشان و چڕبوونەوەی پێشینەی سەرمایەی جیهانیە لە سەر گۆی زەوی و لە هەموو بوارەکانی ژیان و هەڵسوراندا. ئەم باڵراکێشان و تەکاندانەی ئەمڕۆی سەرمایەداری هاتۆتە ئاراوە بەهۆی چڕبوونەوەی جیهانی سەرمایە و پەیوەندیەکانی هات و چۆی و کۆبوونەوەی سەرمایەدارە جیهانیەکان لەسەر یەک مێز و لە یەک ئاسۆدا. بەهۆی چڕبوونەوەی پەیوەندیە ئەلکترۆنی و وێنەییەکان، تەکنەلۆجیا و کۆمپیوتەر، کۆنترۆڵ کردنی ووزەی جیهانی ، پارە و پارەی دیجیتەڵ، شێوەی بازگانی کردنی جیهانی، شێوەکانی فەرمانڕەواییی، ژیانی باو و زاڵ، دانیشتن و لێک تێگەیشتنی ئەندامە بەرزەکانی دەوڵەتەکان، فەرمانڕەوایی و بڕیارە جیهانیەکانیان.... ئەمانەن کە فەرمانڕەواییی و پڕۆژەی جیهانی و گۆنکاریەکانی ئەمڕۆی هێناوەتە ئاراوە.
یەکگرتوویی جیهانی بەکردەوەی هەموو ووڵاتەکان لەسەر ئەم گۆڕانکاریانەی ئەمڕۆ لە وێوە هاتووە کە هەموویان چەندین ساڵە هاوبەشن لە گەڵاڵە کردن و مومارەسەکردنی دا. بەرهەمەم هێنان، ئاڵوگۆڕکردن،

بازرگانی و کەڵەکەبوونی بەهاو زێدەبەها... هەمووی لەلایەن ئەم سەرمایە چڕ بووە جیهانیەو
تەکنەلۆجیاو پەیوەندیە کانیەوە سەرپەرشتی ئەکرێت و بەڕێوە ئەبرێن. لەدەورانەکانی ووزەی جیهانی
سەرمایەدا ئەسوڕینەوەو هەڵ بەز و دابەز ئەکەن.لە کەناڵە بانکی و ئەنشورانسی و دارایی و
مامەڵەکردنەکانی ئەم سەرمایە جیهانیەدا سەمای تایبەتی خۆیان ئەکەن. هەموو ئەرز و ئاوو و ئاسمان،
دانیشتوان و بەرهەم هێنان و ئاڵ و گۆڕ یان، هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و کۆمەڵایەتی بوونەوەیان، لەلایەن
ئەم هێزە جیهانیەوە بەڕیوە ئەبرێت. تۆ و گەرا و ماددەی خاو ، زانست و چۆنیەتی خستنە ئیش و
بەرهەم هێنانیان، کێڵگەکان و ئاژەڵداری، کیمیاویەکانی بەکارهات، شێوەکانی ئامادەکردن و
فرۆشتنیان... هەمووی لەلایەن ئەم دەسەڵاتە جیهانیەوە سەپێنراوەو بەڕیوە ئەبرێت. سیاسی و پارت و
پارلەمان و هەڵبژادن و ئینقلاب و شەڕ و سوڵحەکانیان ئەمان سەپەرشتی ئەکەن و بەڕێوەی ئەبەن.
ئەم گۆڕانکاری و دەست پێشخەریانەی ئەمڕۆ بەرهەمی گۆڕانکاری و دەستپێشخەریەکانی چڵ ساڵی
ڕابردووی سەرمایەی جیهانی و داهێنان و چڕ بوونەوەو خستنە ئیش و تاقی کردنەوەکانیەتی. هەنگاو
نانی سیستەمی سەرمایەداریە بەرەو پێشەوە بە پشت بەستن بە چڕبوونەوەی سەرمایە، توانای
بەڕیوەبردن و کۆبوونەوە جیهانیەکەی، پەرەسەندنی تەکنەلۆجیاو پارە و ووزو و پەیوەندیە
ئەلکترۆنیەکان،داوو دەرمان، گۆڕانکاری لە ئیش و کۆبوونەوەو سلوک و خواردن و هەڵسوکوت و بیر و
بڕوای دانیشتواندا، خۆلقاندن و بەڕێوەبردنی هاووڵاتی دەستەمۆی جیهانی

ئەم جارەش، وەکو هەموو جارەکانی پێشوو، بەرپرس و فەرمانڕەواکانی ئەم هێزەی سەرمایە و
گۆڕانکاریەکانی، نایەن بە ئاشکراو ڕووبەڕوو بڵێن بەڵێ ئێمەیین ئەمە ئەکەیین. بەڵکو بە ووردی و
نهێنیکاری و توێژینەوەو تاقی کردنەوە و فر و فێڵ و تەڵەکەوە هەڵئەسن بە جێ بەجێ کردنی پلاکەیان.
بۆ ئەوەی شڵەژانی گشتی ڕوو نەدات، بەر بە یاخی بوون بگیرێت، پلانەکە بە بێ سەریەشە جێ بەجێ
بکرێت، کورتریین ماوەی بووێت، ئینشقاق نەخاتە ڕیزەکانی خۆیانەوە و کولفەکەی لەدەست
دەرنەچێت...
وەکو سەردەمەکانی جەنگ، سەرکردەو و کۆماندۆ و بڕیاردەرەکان ، بەنهێنی و بە نەخشە هەنگاو ئەنێن و
سەربازەکان و چە کەکانیان ئاراستە ئەکەن. نەهاتوون و نایەن بە ئاشکراو ڕووبەڕوو بڵێن ئەمە ئێمەیین
و ئەمە پلانەکەمانە و ئەوەنەتان تیا ئەچێت و ئەوەنەش سەقەت و سقووت ئەبێت و ئێمەش ئەمە
دەسکەوتەکانمان ئەبێت. نەخێر هەرگیز وا نەهاتوونەتە سەرەوەو واش بەردەوام نابن. زۆربەی تاوان و
نهێنیە کانیان چەندین ساڵ دوای تێپەڕبوونی ڕووداوەکان دەر ئەکەوێت، هەندێکیشیان هەرگیز ڕووە
ڕاستەکەی دەرناکەوێت. وەک ئایین و چیرۆک و ئەفسانە و نووسراوەکانی خواو و پێغەمبەرەکانی هە
زار سەری درۆی لێ چەکەرە ئەکات!
لێرەوەیە کە توێژینەوە و تاقی کردنەوە سەربازی، زانکۆیی، سایکۆلۆجی ، کۆمەڵایەتیە ی و
مەیدانیەکانیان دەورێکی گرنگ ئەبینێت لە پڕۆسیسی داڕشتن و گەڵاڵەکردن و جێ بەجێکردنی
تاوانەکانیاندا. چەندین ئەفسەر ، پڕۆفیسۆر، سایکۆلۆجیست، پسپۆڕ، دکتۆر، لێکۆڵەرە ،فەیلەسوف،
یاسا و دەستوور دانەر ، دەزگاکانی ڕاگەیاندن ... هاوبەشن تیایدا و زیرەکی و لێهاتوویی و پلەو پایەیی
خۆیانی تیا تاقی ئەکەنەوە.

ئەمڕۆش هێنانی چیرۆکی پەتاو سەپاندنە جیهانیەکەی ، بەشێکە لەم پڕۆسیسەی دەسەڵاتداران و ئاسۆی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا کەیان. هیزی خۆیان لەسەر گۆی زەوی و بەسەر پێکهاتەکانی و دانیشتووانداچۆن ئەبینن، کێشەکانیان چی یە و چی بەچارەسەر ئەزانن، ئەیانەوێت داهاتووی کۆمەڵگاکەیان چۆن بێت؟

لە نووسین و نقاش و بڵاوکراوەکانی ساڵی ڕابوودا بە چڕی و بە چەندین زمان هەوڵی ئەوەمان داوە کە ئەم ڕاستیە بگەیەنیین. هەوڵمان داوە کە باز بەسەر تەڵەو چەواشەکارییە چنراوەکانی ئەم چیرۆکە و فەرمانە تیرۆریستیە ڕۆژانەیەکەی دا بدەیین. بەربەست و ئابلۆقەدانەکان بشکێنین و سەدا و ڕووی ڕاستی گۆڕانکاریەکان نیشان بەیین. ئەمڕۆش دیسانەوە و لێرەدا ووردەکاری زیاتر لەم ڕووەوە دەخەیینە ڕوو. ئەم گۆڕانکاریانەی کە سەرمایەدارە جیهانیەکان بە دزیەوە دراسەیان کردوەو پلانیان بۆ داناوەو بە ئاشکراو بە ڤایرۆس و بە تیرۆر ئەیسەپێنن ، ئەمانە مرۆڤایەتی و ژیان بەرەو کوێ تەکان پێ ئەدا؟ چیان لێ ئەکات؟ چی لە مرۆڤ و ژیان ئەوێت کە تا ئێستا نەیتوانیوە بیبات؟

سەرمایە ڕاستە بوونێکی مادییە، بەڵام هێزێکی ئایدیالیستیشە! لە چەوساندنەوە و زەلکاویخوێن و داڕووتان و کۆیلایەتیی مرۆڤەکان و مامەڵەکردن بە ژیان و پێویستیەکانی مرۆڤەوە دەستی پێ کردووە، داهێنان و ڕێکخستنیشی تیا کردووە، بەڵام بەدوای گەیشتن بە پاکیەک و هێزێکی پر بە پێستی تاکە خواییەوەیە، لەسەر و وە بەسەر هەموو بوونە مادییەکانی تردا، بەسەر ژیان و مرۆڤ و پەیوەندیەکانی دا. ئەم بوونە دوو لایەنیە، مادی و ئایدیایی، لە هەموو سات و کاتێکیسەرمایە، بەها، دا خۆی تازەو دووپات ئەکاتەوە. کردنی مرۆڤەکان بە کۆیلە، ژیانیان بە هیزی کار، هیزی کار بە بەها ، بەها بە ڕەمز و پارەو کاغەز و مۆر و ژمارەو هتد…. ئەمە پرۆسیسی هەڵکشانی سەرمایە یە لە زەویەوە بۆ ئاسمان! لە خوێن و گۆشت و بەرهەمهێنان و کڕین و فرۆشتنەوە بۆ ڕەمز و هەیبەت و هێز و ئەفسانەو دەسەڵات، بۆ پووختەیەکی بێ گەردی سەر و هەموو پۆخڵەواتەکان!
سەرمایە تا زیاتر لایەنە مادییەکەی خۆیبەگرفت ببینێ، کەمتر بتوانێت خۆی تازەکاتەوە، ئەوەندەش زیاتر ڕوو لە لایەنە ئایدیالیستەکەی خۆی ئەکات، داهێنان لە پووختیەکەی دا ئەکات، بەدوای زاڵ کردنیەوەیەتی بەسەر هەموو بوونەکانی تردا . وەک پەنا بردنی ئایینی بۆ خوا لە کاتەکانی تەنگانەدا. ماتیریالیزم و ئایدیالیزم لە بوونی بەهادا پێکەوە گرێ دراوە. کە ئەمڕۆ دەستپێشخەریەکانی سەرمایە ئەبینین لە مامەڵەکردن بە سێبەر و وێنەو ژمارەو خەیاڵی پێوێستیەکانەوە زیاتر لە پیویستیەکان، تێکڵاوکردنیان بەژیانی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی بەردەوامی ڕیژەیان لە چاو پێویستیەکانی ژیاندا، دەرخواردانی بە مرۆڤەکان وەک پێویستی ژیان… ئەمانە نە شازن و نە لەدەرەوەی سەرمایەوە هاتوون. بەڵکو پەرەسەندنی ئایدیالیزمی بەها خۆیەتی. پەرەسەندنی موتڵەقی "بەهای ئاڵوگۆڕە بەسەر بەهای بەکارهێناندا". هەر وەکو چۆن لە جیابوونەوەی خەیاڵە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤەکان لە خۆیان ولە پەیوەندیەکانی ژیانیانیان، مامەڵە پێ کردنیان لە ناو پەیوەندیەکانی کۆمەڵدا، خواکان و پەرستگا جۆراو جۆرەکانی دروست کرد، لە ما مەڵەکردن بە بوون و هیزی خواکانیشەوە هێزی یەک خوایی سەری هەڵدا، هەر ئاواش پەرەسەندنی فۆڕمە جۆراوجۆرەکانی بەها، لە پەرەسەند و ما مەڵەکردنی دا، فۆڕمی ئایدیالیستی بەهای زاڵ کرد. خوا بوونی نی یە کەچی هێزێکی پاکی ئایدیالیستی کۆمەڵایەتیە و

له سەرەوەو لەهەمموو لایەکەوە فەرمان ڕەواییی ئەکات! ئایدیالیزمی بەهاش بە هەمان شێوە وەك هێزێکی موگناتیزیش هەموو هێزەکانی تریش بۆ لای خۆی ڕا ئەکێشێت.

بەها لەمڕۆدا لەوە تێپەڕیوە کە هەر هێزی کاری مرۆڤەکان بخوازێت، داوای هەموو ژیانیان ئەکات! هەر ژیانی مرۆڤەکانی ناوێت بەتەنها ، بەڵکو بەدوای ڕێکخستنەوە و داهێنانیشەوەیە تیایدا. هەر گۆشت و خوێن و ئارەق و ماندووبوونی مرۆڤەکانی ناوێت، بەڵکو داوای هەموو پێکهاتە بایۆلۆجی و جەنەتیکی و کۆمەڵایەتی و هەست و سۆزی ژیانی مرۆییەکان ئەکات. مرۆڤی بەسەر بەخۆیی و لەدەرەوەی خۆی نە گەرەکە، ئەیەوێت قوتی بات و لە خۆیدا بی هاڕێت. . ئەیەوێت لەبەر یەک هەڵوەشاندن و دووبارەو سێ بارە پێکهێنانەوەی بوونی مرۆڤ و پێکهاتەکانی دا ووزە و بوونی خۆی برەوپێ بدا و زیاتر زاڵی کات. مرۆڤ بگەیەنێتە ئایدیالیزمە پوختەکەی خۆی ، ئایدیالیزمە پوختەکەشی بکاتە بوونێکی مرۆیی! وەک پەیوەندی ئاینی نێوان خوا و کۆیلەکانی، دابەزینی خوا بۆ دەستگرتن و چاوساغی کۆیلەکانی و بەرزبوونەوەی خەیاڵی کۆیلەکانیش بۆ گەیشتن بە بوونی پاکی خواکەیان!
بەها خوایەو خواش بەهایە!
تا سەرمایە هەبێت ، مرۆڤ و بەها، سەرمایەو ژیان، لە ناکۆکیەک و دژایەتیەکی هەمیشەیدان. نە هاوسەنکن، نە هاوتا، نە پێکەوە هەڵ ئەکەن ، نە هاوسەری یەکتریشن. لە دوژمنایەتی و شەڕی سڕینەوەیەکی هەمیشەی یەکتری دان. بۆیە تا مرۆڤ بە شیوە مرۆیی و کۆمەڵایەتی و بایەلۆجیەکەی هەبێت بەها خۆی بەسەر کەوتوو نابینێت. موتلەقیەتی ئایدیالیستی خۆی بەدەست نە هێناوە. چاوچنۆکی و پڕ نەبوونی سەرمایەدارەکانیش، سەرەڕای ئەوەی کە شوێن نی یە لێی هەڵ گرن و تیا بیخەنە ئیش، بۆ یە بەدوای شێوە خەیاڵیە بێ سنورە کانەوەن، کە بواری فڕینی هەتا هەتاییی کراوە بێت، پێچەوانەکردنەوەی ئەم سروشتە ئەزەلیەی بەهایە. مرۆڤ و مرۆڤایەتیش، هەر لەیەکەم ساتی هاتنی زاڵی بەهاوە، تا کۆتاییی هاتنی دەسەڵاتی بەها، هەمان بوون و ململانێ دووپات دەکاتەوە. بوونی خۆی بە تەواوی و بە سەرکەوتوویی نابینێ تا بەها لە بووندا بێت.

ئەم تێگەیشتنە لە سروشتی سەرمایە یارمەتی ئەوەمان ئەدات کە تێ بگەیین لەوەی کە ئەمڕۆ سەرمایە ئەیکات بۆ مانەوەی خۆی و زاڵیەتی ئەو فۆڕمە پاکەی کە ئەیەوێت.

سەرمایە، بەها، ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەی کە ئەیەوێت مرۆڤ و مرۆڤایەتی بهارێت و دروستی کاتەوە لە خۆیدا . لەگەڵ دزینی هەموو بوونی مرۆیی و بوارەکانی ژیان و پێویستیە زیندووەکانیبەردەوامی ژیاندا. شتێکی تریش ئەکات، کە هەم هاڕینی مرۆڤایەتی و دزینەکەی پێ داپۆشیوە ، وە هەم بە زل کردن و دەهۆڵ لێدانی ڕاگەیاندنەکانەوە سەری لە زۆر کەس شێواندووە. ئەویش ئەوەیە کە هەموو بەشەکانی رابردووی خۆی کۆئەکاتەوە بۆ ڕێکخستنەوەیان. بەشێکیان ڕا ئەگرێت، بەشێکیان زڵ ئەکات، بەشێکیان تێک ئەشکێنێت... لەبەر دەمی هاوولاتیانیشدا ئەمە بە قوربانی دان بەخۆی بۆ تەندروستی کۆمەڵ نیشان ئەدات. بەمەش خۆی لە دەولەتدا و دەولەتیش بەسەر هاووڵاتیاندا زاڵ و پتەو ئەکات.

ئەوەی ئەمڕۆ ڕوو ئەدات، بە پلەی یەکەم دزینی ژیان و پێویستی و بوارەکانی هەناسەدانی مرۆڤ و لەناوبردنی مرۆڤایەتی یە، بە پلەی دووەم ڕاکێشا نەوەی بەشەکانی سەرمایەو خۆ کۆکردنەوەو خۆ ڕێکخستنەوەی جیهانی سەرمایە و خستنە ئیشی سەرمایە خۆیەتی.
بە پلەی یەکەم دزینی ئەوەیە کە مرۆڤ خۆی لێوەی بە مرۆڤ ئەزانێ، کە بەهای تیا زاڵ نی یە، کە پرۆلیتاریا خۆی لێوەی بە زیندوو ئەبینێت، ئەکرێت بەهی خۆی بزانێ، دەستی ئەیگاتێ ، بۆی هەیە بەکاری بێنێت، لەسەری وەستاوە، ئەتوانێت خۆی پێ ڕزگار کات...
بە پلەی دووەم خڕ کردنەوەو دەست پیاهێنانی جیهانی ڕابردووی سەرمایەخۆشیەتی.
بەڵام ئەم دوو پلەیە سەربەخۆ نین لەیەکتری. تا زیاتر بدزێت زیاتر هێزی خۆ خڕکردنەوەی ئەبێت، تا زیاتریش خۆی کۆ کاتەوە هێزی دزینی زیاتر ئەبێت. گومانی تیا نی یە کە چۆن دزینی ژیانی مرۆڤەکان ملوێنەها بەرەو لەناوبردن ئەبات و گۆڕانکاری بەسەر ژیانی مرۆڤایەتی دا بەرەو ئینقراز دێنێت، هەر بەهەمان شێوە گۆڕانکاری بەسەر هەزارەها لە خاوەندارەکان و پلەو پایەیاندا دینێت و هەندێکیشیان ئەخاتە لاوە. دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دیمۆکراسی خوازەکان شینی ئەم گۆڕانکاریەی ناو سەرمایە خۆیان ئەکەن. گۆڕانکاری نێوان سەرمایەی گەورەو بچووکیان کردووە بە تابلۆی سەرەکی گۆڕانکاریەکانی سەرمایەو بۆی ئەگرین. **بەلای ئێمەوە دزینی ژیان و لەناو بردنی مرۆڤایەتی ئامانج و نیشانەی ئەم گۆڕانکاریانەی سەرمایەیە**. دزینی ژیان و پڕکردنەوەی شوێنەکەی بە داهینانە مردووەکانی سەرمایە. دزینی ژیان و پڕکردنەوەی شوێنەکەی بە خەیاڵ بە ژیانەوە. دزینی سۆ ز و خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی بوونەوە ، پڕکردنەوەی شوێنەکەیان بە وێنەو داڵغە و بوونە مردووە بێ هەستوو سۆزەکانی لە قاڵب و شێوەکانی سۆزدا!! دزینی خواردن و خەوو ئاو هەوا و زەوق و ئارەزوویی مرۆییی، وپڕکردنەوەی شوێنەکەی بە داو دەرمان، کیمیاوی، تارمایی ژیانەوە. پڕکردنەوەیەکی وا کە دەرگا ئاوالە ئەکات بۆ بەردەوام داهینانی سەرمایەو کۆنتڕۆڵ و زیاتر چوون بە ناخی "مرۆڤەکاندا".
لە ڕێی پرۆسیسی ئەم دەستخستنە ناو مرۆڤەوە سەرمایە بتوانێت ، نەک هەر ئەمڕۆی مرۆڤەکان دەستنیشان بکات، بەڵکو بتوانێت ئەوەش کۆنتڕۆڵ بکات کە چەن و چۆن ئەژین. کە ویستی وەک بەشێک لە ڕابردووی خۆی لەناویان بەریت، یان ڕێکیان خاتەوە، بەبێ خەبات و یاخی بوون و مەترسی! ئەمە ئاواتیەتی، تا چەند بۆی ئەچێتە سەر؟ ئەمە کەو تۆتە سەر ئەوەی تا چەند ڕای گشتی پێ ڕازی ئەکرێت وەک گوێ ڕایەڵ، و پێ سەر شۆڕ ئەکرێت وەک هاووڵاتی، لێرەشەوە باقیەکەی تریشی پێ ئەبەستێتەوەو پێ شێلیان ئەکات. تا ئێستا ئەمەی بۆ کراوە، بەهۆی خولقاندنی مۆتەکەی پەتا، بڵاوکردنەوەی نەزانی و ترس ، بەکارهێنانی بواری تەندروستی وەک زیندان و سەربازگا و تاقی گا، و پسپۆڕەکان وەک ئەفسەر و سەرباز و پروپاگەندەچی، لەڕاستی دا و ، کردنی بواری تەندروستی بە مەیدانی شەڕی گشتی دژ بە مۆتەکەی پەتا، پیرۆزکردنی دەسەڵاتی تیرۆریستی پسپۆڕ و داو دەرمان و نیشاندانی خەستەخانەکان وەک شوێنێکی پیرۆزی خزمەتکوزاری، نەک وەک سەنتەری زیندان و تاقی گا و بەڕێوەبردنی بڕیارە تیرۆرستیەکانی سەرمایەی نێو دەوڵەتی، دروستکردنی چیرۆکە جۆربەجۆرەکان و دەرخواردانی بە ڕای گشتی، تەنسیقی جیهانی و نێو دەوڵەتی دەسەلات، دابەزاندنی سوپا و هێزە سەرکوتکەرەکان و بەرفراوانکردنی گشتی دەسەڵاتیان، گرتنەوەی ئابووری و کۆنتڕۆڵ کردنی هاتووچۆی گشتی ، بڕینی خزمەتگوزاری و پەیوەندیەکان، سەپاندنی نەبوونی و برسێتی، کردنی ئیش و کرێکاران بە سەربازگەری، چاپ کردنی پارەی بێ بەها و بەکارهێنانی، دروستکردنی ترسی بێ ئیشی و، نەخۆشی و

پەککەوتن، بێ کار کردنی ملوێنەها و ملوێنەهای تریش بە ڕێوەیە، دانی بەشێک لە کرێ و یارمەتی دەوڵەت لە هەندێ لە ووڵاتەکاندا، بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی درێژخایانی پلانەکە و بەهێز کردنی هێزی ئیقناع کردنی دەوڵەت و بەرگرتن بە شڵەژانی گشتی ، هەڵتەکاندنی سیستەماتیکی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و داب‌ڕا نی کەسەکان و سنووردانان بۆ کەسایەتی و پەیوەندی کردنەکانیان...

چڕبونەوەی چەندین ساڵی رابردووی سەرمایەی جیهانی، و لە ڕێگەیەوە داهێنانی نوێی تەکنەلۆجیا، میدیا، و دەسەڵاتی نێودەوڵەتی، لە دەست و لە ژێر ڕکێفی دەستەیەکی تایبەت دا، ئەمە ئەو زەمینەیەی دروست کرد کە ئەم دەستەیە ئەمڕۆ فەرمانڕەوایی جیهان ڕابگەیین و گۆڕانکاری بەسەر دانیشتوانی گۆی زەوی و باری ژیان دا بێنن. لە ڕێی دروستکردنی چەندین ساڵەی نادی و ڕێکخراو و دام و دەزگاو تاقی گا و پڕۆگرامە نێو دەوڵەتیەکانی تایبەت بەخۆیان، گۆڕانکاری لە داموو دەزگا کۆن و باوەکاندا بە ئاراستەی خۆیان، ناردنی پیاوەکان و پسپۆرەکانیان بەهەموو لایەکدا، کۆنتڕۆڵ کردن و هەڵسوڕانی ئابووری و دانیشتوانی گۆی زەوی لەم ڕێگەیەوە ، بەڕێوە بردنی حکومەتەکان.... نموونەی ئەمانە، بانکی نێو دەوڵەتی و پڕۆگرامەکانی، ناتۆ و جەنگەکانی، نەتەو یەکگرتووەکان و پڕۆژەو پڕۆگرامەکانی، ڕێکخراوی تەندروستی و زانستی نێودەوڵەتی و تاقی کردنەوەو بەحث و پڕۆژەکانیان....
ئەم دەستەیە کە ئەمڕۆ وەک سەرمایەدار و فەرمانڕەوا و دەسەڵاتێکی یەکگرتووی( بەپلەو پایە) هەمە نەتەوەیی فەرمان ڕەواییی جیهان ئەکات. ئەم دەستەیە و سەرمایەو داهینانە تەکنیکی و کیمیاویی و جەنەتیکی و ئایدیالیستیەکانیانە کە ئەمڕۆ فەرمان ڕەوایی ئەکات. ئەم سەرمایەدارە پڕ پارەو پرچەکی کیمیاوی و پڕ لە تەکنۆلۆجیاو زانیاری لەسەر یەکە بەیەکەی دانیشتوانی گۆی زەوی ئەمڕۆ بڕیاری مان و نەمانی مرۆڤەکان دەر ئەکەن. ئەم سەرمایەدارەو ئەو مۆدێلی ئیشکردن و هەڵسوکەتوو و جۆری ژیانی و چۆنیەتی خواردن و جوڵەو کۆمەڵایەتی بوونەوەی کەسەکان، ئەمڕۆ بە هێزی کار ڕازی نی یەو داوای هەموو ژیان ئەکات. داوای هەموو خانەو جینات و و زانیاری و هەڵسوکەوت و داڵغەی کەسەکان ئەکات. ئەیەوێت ئەمەبکات بە مۆدیلی ئیشکردن و کۆمەڵگا. ئەیەوێت ژیان و مرۆڤایەتی لە ڕەگەوە هەڵکێشێت و بە سەرمایەو تەکنەلۆجیاو کیمیاویی و جەنەتیکی بەردەستی دروستی کاتەوە. ئەیەوێت نەک هەر لەنێوان دوو کەسدا، نەک هەر لەنێوان دوو بەشدا، نەک هەر لەنێوان دوو پێویستی دا، هاوبەشی و هاوکاری نەمێنێت و جیاوازی نەوعی دروست بکات، بەڵکو هیچ خانەیەک و هەست و جوولەو هاناسەدانێکیش ڕوونەدات بەر لەوەی بە ناوە ندەکانی سەرمایەدا دا تێپەڕیت. هەم بۆ ئەوەی کە هەتا لە بووندا بێت بەهای لێ بەرهەم بێنێت و کەیش وویستی بیکوژێنیتەوە. بوونی ژیان و مرۆڤ و کۆمەڵ و پڕۆژەکانی داهاتووی مرۆڤایەتی بکوژێت ...

داهێنانی ئەم تیرۆرە وەک یەک پاکەت، یەک پڕۆژە، سەپاندنی وەک یەک دەسەڵات و فەرمانی جیهانی لەسەر ئاستی هەموو سیستەمی سەرمایەداری و بەسەر هەموو مرۆڤ و بوارەکانی ژیاندا، ئەمە وەک یەک پڕۆگرام و یەک هێزی داپڵۆسینی جیهانی، سواری کۆڵی مرۆڤایەتی بووە، دەستی خستۆتە بینی و ئەیدا بە زەوی دا، بوون و هێزی کۆمەڵایەتی و ئینتەرناسیونالیستی خەباتەکانی پێشینی پڕۆلیتاریای ئابلۆقەدا وەو پوکانوێتیەوە، بوارەکانی نوێی هاتنەمەیدانی خەباتی بڕ یوە، هێزی تەنسیق و هاوخەباتی

و دەنگ بەیەکگەیشتنی پڕۆلیتاریای شکاندوە، مرۆڤەکانی دەست بەسەر ڕاگرتوە... بەمەش سەرکەوتنی کاتی خۆی ڕاگەیاند ! و بەردەوامیش پێی لێ را ئەکێشێت و شانازی بەخۆیەوە ئەکات.

ژیان، مرۆڤەکان، مرۆڤایەتی، پڕۆلیتاریا، خەباتگێڕان، ئەمڕۆ لەم بارودۆخەدا ئەژیین و هەناسە وەر ئەگرن ، لە ژێر ئەم تیرۆرەدا خەباتی بەردەوامی ژیان دژ بەم هێزە جیهانیەی سەرمایە ئەکەن، بەرگری لە تیاچوونی مرۆڤایەتی ئەکەن و پڕۆگرامی ڕزگاربوونی دووپات ئەکەنەوە.

گومانی تیا نی یە کە ئەم سەرکەوتنە جیهانیە کاتییەی ئەمڕۆی دیکتاتۆریەتی سەرمایە، مانای لەبەریەک هەڵوەشاندن و تیرۆرکردنی هێزوو توانای جیهانی و کۆمەکی پڕۆلیتاریایە. تەواوکەری ، یان ڕاستر بڵێین، لەیەکدانەوەو بە ئەنجام گەیاندن و مەرکەزی کردنەوەی هەموو سەرکەوتنەکانی بیست ساڵی ڕابردووی دەوڵەتی جیهانیە، دژ بە خەبات و کۆمەڵایەتی بوونەوە و ئینتەرناسیونالیزمی خەباتەکانی پڕۆلیتاریا، هەر لە تونس و میسر و عێراقەوە، تا دەگاتە فەڕەنسا و هۆنک کۆنک و لوبنان و ئەمەریکا و ئەمەریکای لاتیین. بەم مانایە ئەم تیرۆرو سەرکەوتنە تیرۆریستییەی ئەمڕۆی سەرمایە بەرهەم و کۆرپەی سەرکەوتنە سەربازی و ئایدیۆلۆجی و ناوچەیەکانی و قەسابخانەکانی بیست ساڵی ڕابردوویەتی، دژ بە هەستان و ڕاپەڕینەکانی پڕۆلیتاریا. ئەم تیرۆرەی ئەمڕۆ بەرهەم و داهێنانی ترسی دەسەڵاتدارانە لە جیهانی بوونەوە و کۆمەڵایەتی بوونەوەی بزووتنەوە قەتیس بووە ناوچەییەکانی پرۆلیتاریا، کە لەزۆر ناوچەدا دەستپێشخەری نەوعی لە خۆ گرتبوو: فەڕەنسا، لوبنان، عێراق، هۆنک کۆنگ، چیلی... ئەم سەرکەوتنە کاتیەی ئەمڕۆی دەوڵەت، تێکشکاندنی ئەو دەستپێشخەریە نەوعیەو لەناوبردنی ئەندامەکانی و هەوڵی لەبیر بردنەوە و سڕینەوەی یادەوەریەکان و بەرهەمەکانیەتی. ئەو ناوچانەی کە پڕۆلیتاریاکان تیایدا چالاک و زاڵ بوون بۆ چەندین ساڵ کەوتوونەتە بەر ئابڵوقە دان و برسی کردنێکی بێ وێنەو رووت ئەکرێنەوە لە هەموو توانا و بوارێکی سەربەخۆیی و هەناسەدان. لە باشوور و ناوەڕاستی عێراقەوە بۆ فەڕەنسا و هۆنک کۆنک و چیلی و لوبنان.... ئەو سەرکەوتنەی کە بە فیشەک و نیشانە گرتنەوە لە ڕاپەڕیوەکان بۆیان بەدەست نەهات، ئەو مەیدانانەی کە بە هێز بۆیان داگیر نەکرا، ئەو بەردەوامییەی خەبات کە بە زەبرو زەنگ و دیمۆکراسیەت بۆیان دەستەمۆ نەکرا، ئەمڕۆ بە هۆی ئەم پڕۆژە جیهانیەوە بەدەستی دێنن و پێش لە داکوتینی ڕا ئەگرن. لەڕێی ئابڵوقەو داو دەرمان و کوتان و تەندروستی و پەتا و برسی کردنەوە تێکۆشەرەکان بەرەو چەککردن و پوکانەوە ئەبەن، ماڵ و منداڵیان هەڵ ئەتەکێنن.ولەناویان ئەبەن.

پڕۆژەی زاڵی ئەمڕۆی جیهانی سیستەمی سەرمایە، هەر ئامادەبوون و ناچاری مرۆڤەکانی ناوێت، لە ڕووی فرۆشتنی هێزی کاریانەوە بۆ بەردەوامی ژیانیان، بەڵکو داوای بوونی سەرتاپای مرۆڤە داڕوتاوەکان، وەک ماددەی خاو، ئەکات. بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە سەرکەوێت ئەبێت هەموو داڕووتاوەکان لە ڕەگەوە هەڵکەنرێن ، وەک ماددەی خاوی زیندووی هەستیار ئامادەی بەکارهێنان بن لەلایەن پەرەسەندنی ئەمڕۆی سەرمایەوە. مادەیەکی خاوی زیندووی وا ، کە هەر هێزی کار نی یە، بەڵکو پێکهاتەیەکی ئاڵووزی زیندوو و بەهەست و پڕ لە جمووجووڵ، کە بە ڕاهێنان و کۆنترۆڵ کردنی، بە کردنی بە ماددەی خاوی بە جووڵەو زیندوو، دەرگا ئاواڵە ئەکات بۆ بەرهەم هێنانی بەها و پەرەسەندنی جیهانی سەرمایەداری. لەبەر ئەوەی زیندووە و پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، بە هەڵتەکاندن و پارچەپارچەکردن و گۆڕانکاری و دووبارەو سێ بارە پێکهێنانەوەی بەرهەم هێنان، لە بەش و سات و جووڵەو هەڵسو کەوت و چیرۆکەکانی... ئەم بوونە ئاڵۆزە، بە پرۆسیس کردنی ئەم بوونە ئاڵۆزە زیندووە خاوە، نەک وەک

بوونێکی مرۆیی کۆمەڵایەتی، بەڵکو وەک ماددەی خاو، وە ک موڵک و زەمینەی خستنەئیشی سەرمایە، وەک کۆیلە، وەک بەشێک لە سەرمایە خۆی، وەك کەلوپەل، ئەمەیە کە ئەمڕۆ ئەیەوێت بەتەواوی خۆی بسەپێنیت دژ بە بوونی مرۆڤایەتی. ئەمەیە کە ناو ئەبرێت بە هێنانەوەی سیستەمی کۆیلایەتی.

ئەگەر لە چوار سەد ساڵێک لەمەو بەرەوە، داهێنانەکان و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە بوارەکانی هاتووچۆی دەریایی و زەمینی و بەرهەم هێنانی چەک و ووزەو شەکر و قاوەو و جل و بەرگدا...، بازرگانی و سوپا و دەسەڵاتی سەرمایەی بەجیهاندا بڵاوکردەوە، سیستەمی چینایەتی جیهانی و کۆیلایەتی جیهانی بەرهەم هێنا، ئیمپریالیزمی جیهانی دروست کرد، ئەمڕۆ داهێنانەکان و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە بوارەکانی ئەلکترۆنی، کیمیاویی، بایۆلۆجی، جۆرەکانی ووزە بەرهەم هێنان و بەکار هێنان، نەشتەرگەری و سایکۆلۆجی ، وێنەیی و میدیا و ئایدیالیزم، چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ئیشکردندا... هەمان ڕۆڵ ئەبینن.

سەرمایەی ئەمڕۆ بەدوای کۆنتڕۆڵ کردن و پەرەپێدانی ئەو موادە خاوانەوەیە کە ئەتوانرێت لە پەرەسەندنی ئەمڕۆی سەرمایەدریدا بکرێت بە زنجیرەیە لە بەرهەم هێنان و چەندەها بەرهەم، نەک تەنها یەک یان کۆمەڵێک بەرهەم، هەتا مادە خاوەکە زیندوو ئاڵۆزتر بێت، بواری درێژکردنەوەو ووردکردنەوەی زینجیرەی بەرهەم هێنا و ئاڵوگۆڕکردن زیاتر ئەبێت. ئەمە تازە نی یە، کە بەرهەم هێنان و بازرگانی نەوت و گاز بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی خەڵوزی خستە لاوە، لەبەر ئەوەبوو کە پڕۆسیسی نەوت و گاز بواری کیمیاوی و پلاستیکی و چەندین جۆری بەرهەم هێنانی ووزەو بەرووبوومەکانی کردەوە، کە بوارەکانی نەوەوی و بایۆلۆجی و هەتاوییی تەنگیان بە نەوت و گاز هەڵچنیوە، هەر لەبەر هەمان هۆیە، کە مایکرۆسۆفت چاپ و بەدەست نووسینی کرد بە کەلتوور، لەبەر ئەوەیە کە یەک زمانی و یەک نووسینی جیهانی کۆمپیوتەری پەرەپێ دا، کە ئینتەرنێت تەلەفونی قووت دا، لەبەر ئەوەیە کە ئینتەرنێت، جگە لە هەڵسوکەوتی تەلەفوونی، هەزارەها هەڵسو کەوت و پەیوەندی بەرهەمهێنان و هەڵسورانی تریشی لە خۆ گرتووە ، کە گوگڵ بۆتە ڕۆژنامەی جیهانی ئەلکترۆنی، لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی زانیاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەو تەلەفیزیۆن... پێش خۆی قوت داوە، کە ئەمەزۆن بۆتە مەیدانی ڕێکخستنی ئەلکترۆنی و وێنەییی کڕین و فرۆشتن و گوێزانەوەی کەل و پەلی جیهانی، هەر هەمان بابەتە... **ئەم گەڕان بەدوای شێوەی بەرهەم هێنا و ئاڵوگۆڕکردن و بەڕێوەبردنەی سەرمایە یە کە گۆڕانکاریەکانی ئەمڕۆی هێناوە و ئەیسەپێنێت. ئەو قوت دان و چڕبوونەوەی سەرمایە و دەسەڵاتەکەیەتی کە فەرمانڕەواییی ئەمڕۆ ئەکات.**

ئەم چڕبوونەوەیەی پەرەسەندنی پێشینی سەرمایە و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنێتی( لە کۆمپانیاکانەوە تا دەگاتە دەوڵەت)، بە پێشرەوایەتی و دەسەڵاتی کیمیاوی ، بایۆلۆجی، نەوەوی، مایکۆسۆفت، ئینەرنێت، گوگڵ، ئەمەزۆن، داو دەرمان، سایکۆلۆجی... کە ئەمڕۆ مرۆڤی وەک مادەی خاو، نەک وەک بوونێکی کۆمەڵایەتی، ئەوێت. لە ڕابردوودا ئەمە هەبووە، هەمیشە بەزۆر و بەکەم بەشێک بووە لە سیستەمی سەرمایەداری جیهانی. کۆیلەکان، زیندانیەکان، بەسوغرە گیراوەکان، پەناهندەکان، بەشێک لە کرێکاران... ئەمانە هەر وەک هێزێکی بەرهەم هینانی سادە بەکار نەهێنراون ،


بەڵکو وەک ماددەی خاو، وەک بەرهەم، وەک کەل و پەل، وەک خزمەتچی و ماددەی لەزەت، وەک یاری، وەک خۆراک و تاقی گا ... مامەڵەیان پێوە کراوە. کۆیلایەتیەکەی ئەمڕۆ شێوەیەکی پەرەسەندووی ئەمەیە.
لەم کۆیلایەتیە پەرەسەندووەی ئەمڕۆدا ، پەیوەندیەکانی کۆیلایەتی و قامچی و زنجیرەکانی، بریتی یە لە تەکنەلۆجیا، سایکۆلۆجیا، داوو دەرمان، ئینتەرنێت، پڕۆگرامەکانی پەیوەندی کردن، تۆقاندن، دابڕین، کۆنتڕۆڵ کردنی مەعیشەت، برسی کردن،شێت بوون، دەرزی لێ دان، هاووڵاتی و ئایین و لەگەڵیشیا چاودێری پۆلیس..

ئەی چار چی یە؟!
وەڵامەکەی لەوێوەیە کە ئەم پڕۆژە سەرمایەداریەی ئەمڕۆ، لە ڕێی بانق و میدیاو، ئینتەرنێت و یاساو دەستورەکانی فەرمانڕەواییەوە، هەر هێزی کاری کرێکارانی ناوێت، بەڵکو هەموو ژیانیانی ئەوێت. هەر خۆبەدەستەوەدانی جەستەیی و دەرونی ناوێت، بەڵکو سەرتاپای هەموو بوونە بایۆلۆجی و جەنەتیکی و ئۆرگان و دەمارەکانی ..، وەک ماددەی خاوو داتای زانیاری ئەوێت. هەر بەوە تێر نابێت کە کرێکاران بچن بۆ ئیش و بۆ هەڵبژاردن و لە نقابەکاندا خۆیان ناونووس بکەن ، وەک جاران، بەڵکو داوای گرێدانی یەکە بەیەکە و خانە بە خانەیانە بە وایەریەکانی سەرمایەوە. جیاوازی ناوەو دەرەوە ،ماڵەوەو شوێنی ئیش، کۆمەڵ و تاک... نەمێنێ. شوێن و بوار و مەیدانێک نەمێنیت کە بەهی خۆمانی بزانیین، کە تیا کۆمەڵایەتی ببینەوە، کە ژیانی کۆمەکی تیا بێت. هەموو هەناسەدانێکمان ، هەموو بیرکردنەوەیەکمان، هەموو هەنگاو نانێکمان، هەموو چا و ئاو خواردنەوەیەکمان، پێکەوە دانیشتنێکمان... بە کەناڵەکان و وایەرەکانی سەرمایەدا تێپەڕێت و لەوێوە بەیەک بگەن. سەرمایە بەدوای قوت دانمانەوەیە ، بە ترسنۆکی و گێژکردن و لاکەوتەیی و دەستەمۆکردن و کیمایی باران کردنمان...

بەرامبەر بەم شاڵاو پڕۆژە جیهانییەی لەناوبردنمان پێویستە :
یەکەم: لەهەموو بوار و ساتێکدا هەوڵی یاخی بوون بەین و ڕاستیەکان بدرکێنین
دووەم: دەستبگرین بەو توانا و هێزو بوار و وەسیلانەی کە لەدەستمان نەداوەو بەکاریان بێنین بۆ هاندان و یاخی بوون
سێیەم: بێ دوودڵی ،هەموو بەڵگەو چیرۆک و دەرزی و داوو دەرمان و تەبریر هێنانەوەیەکی دەسەڵات و پسپۆڕ و سیخوڕەکانی بەرپەرچ بەینەوە
چوارەم:وەک شتێکی کاتی و هەڵەو کاری عیشوائی نەسەیری ئەم تاوانانە بکەیین و نە لەگەڵیشیا مامەڵە بکەیین. **بەڵکو وەکو شاڵاوی جینۆسایدی ژیان بەرەوڕووی بینەوەو تفی تێ بکەیین**
پێنجەم: **خەباتەکەمان لە ژیانەوە دەست پێ دەکات، و بۆ دەرهێنانی توانا و بوارەکانی ژیانە لە ژێر فەرمانی سەرمایە**. بەدوای دەستگرتن بەسەر دەوڵەت و دیمۆکراسیەت و بەڕێوەبردنی دام و دەزگاوە نی یە بۆ باشتر کردنیان. بەڵکو بوونی ئێمە لە تێکشکاندنی ئەمانەوە هەناسە ئەدات. تێکشکاندنیان و بەرەڵاکردنی ئەوەی بە بارمتەیان گرتووە ، ئازادکردنی بوونە مادییەکانی ژێر ڕێکفیان...
شەشەم: بەهۆی داخستنی هاتوو چۆ و کۆنتڕۆڵ کردنی یەکە بەیەکەی هاتوو چۆکەران، پێکهێنانی خانەی ڕێکخراوەیی و سەنتڕالی کردنەوەی تواناکان کارێکی زۆر گرانە لەم کاتەدا.. پشت بەستن بە ئینتەرنێت

و وەسیلە نهێنی و ئاشکراکانی تری پەیوەندی کردنی بەردەستمان، هەمووی لە ژێر زەبری قرتان و بەرتەسک بوونەوەدایە، لەسەرو هەمووشیانەوە بوون و ژیان و تەندروستی هاورێکان لە مەترسی و لەدەست چووندا مەلە ئەکات. شوێنی کۆبوونە گشتی و مێژوویی بانگێشەو ڕێکخستنە گشتیەکان هەمووی بە پۆلیس و میدیا و یاساکانی پەتا و کامیراکان گیراون و قەدەغەی کۆبوونەوە کراون... خەباتەکەمان هەر ئەبێت ڕاستەو خۆ بێت بەڕووی دەستدرێژی و سەپاندنی یاساکانی دەست بەسەری بەسەرماندا، بەدژی برسێتی و سەرشۆڕی و کوتان و ژەهراوی کردنی ژیانمان، بەدژی دەست بەسەری و دوور کەوتنەوە لەیەکتری، بەدژی زیندانی کردنمان... **هەر ئەبێت لەبەرپەرچدانەوەی ڕاستەوخۆی ئەم تیرۆرەی ئەمڕۆوە دەست پێ بکات و دەست پێشخەری کۆمەڵایەتی خۆی بکات.**

کۆبوونەوە، مانگرتن، داگیرکردن، دەرکردن و بڵاوکردنەوەی نووسراوەکان، هاتوو چۆ و کۆمەک و دەست بۆ یەکتری درێژ کردن، بە کۆمەڵ پێکەوە ژیان... هەمووی قەدەغەکراوە. پڕۆژە کرێکاری و ئەنارکی و کەلتووری جۆر بەجۆرەکانی تری ساڵانی ڕابردووی پەیوەست بەم بوارانەوە ، هەمووی لە ئیش خراوەو پوکاوەتەوە. ڕامالینەکەی سەرمایە گشتی یەو هەموو جیهان و هەموو بوارەکانی داگیر کردووە.




هەوڵ بۆ یاخی بوونی گشتی ئەدەیین، لەوێشەوە بۆ کۆمەڵایەتی بوونەوەی خەبات. لەهەموو بوارەکان و لە هەموو سوچێکی ژیانەوە . دژی جۆری ئیشکردن، جۆری بازاڕکردن، جۆری هاتووچۆ، دژی باری ئابووری، دژی سەرکوتکردن، دژیمەمنوعی لەهەموو ئاستەکاندا... لەهەر سات و سوچ و بوارو مەیدانێکەوە دەست بە بەرپەرچ دانەوە بکەیین، ئەبێت بەرەو یاخی بوونی گشتی تەکان بەیین. کە کەوتیینە مانگرتن ئەبێت هەستین بەداکیرکردن، کە هەستاین بەداگیرکردن، ئەبێت دەستپێشخەری لە داگیرکردنی گشتی و ڕێکخستنی گشتیدا بکەیین، چەکدار کردنی گشتی بگرینە بەر، ڕووتکردنەوەی خاوەندارەکان، بنکەکانیان، تێکشکاندنی فەرمانڕەواییی، ڕێکخراوەکانیان، هەڵتەکاندنی بنکە و هێزە کانی دژە شۆڕش...

# کۆڤید -19، پیسکردن و ژەهراوی کردن و دەرمان خوارکردنی دەست بەجێی مرۆڤایەتی یە لە سەر ئاستی جیهان

**دەرمانخواردکردن و ژەهراوی کردنی دانیشتوانی گۆی زەویە ، بە شێوەیەکی کۆنتڕۆڵ کراوو سیستەماتیک**

کۆڤد -،19 ، خۆی لە خۆی دا هیچ نی یە جگە لە پڕۆگرامێکی داڕێژراوی بە کۆیلەکردنی مرۆڤ و توند و تۆڵ کردنەوەی فەرمانڕەوایی جیهانی . بریتی یە لە پلاتفۆڕمی تەرتیبکردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی سەرمایە، و هەڵسوو کەوتە ئابووریەکانی...( بچۆرە سەر بڵاوکراوەکانی ترمان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە).بریتی‌یە لەبەرەوپێش چوونی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی سەرمایەداری جیهانی... بەڵام داسەپاندنە ڕۆژانەییەکانی ، پڕۆگرامەکانی کوتان و پاکسازی و چۆنییەتی هەناسەدان و هەڵسو کەوتکردنی کەسەکان.. ئەمانە پیسکردن و دەرمانخواردکردن و ژەهراوی کردنی دەست بەجێ و ڕاستەوخۆی مرۆڤایەتیە لەسەر هەموو گۆی زەوی.... بەردەوامی دانی ڕاستەو خۆی شاڵاوەکانی پێشینی ژەهراوی کردن و دەرمانخوارد کردنی دانیشتوانی گۆی زەویە لە 1950 وە، لە لایەن کۆمپانیا هاوکارە کیمیاوەکانی وەک M3 و Dupont ، وە کۆمپانیا جیهانەکانی داوو دەرمان، پیترۆ کیمیاوی و هاو شانە کانیان..

کۆڤید -19 پەرەسەندنێکی ڕاستەقینەی بەرهەم هێنان و دەسەڵاتی جیهانی ئێم 3 و دیو پۆنت ( PFOA,Teflon, C-8...) و هەرەوەزیە جیهانیە کیمیاویەکانی ترە ، دژ بە ژیان و بەسەر ژیاندا(1) . بۆ نموونە چیرۆکی بە ئەنقەست ژەهراوکردنی ئاوی خواردنەوەی شاری فلینت، لە ویلایەتی میشیگانی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە 2012-2018 . هەروەها چیرۆکی ژەهراوی کردنی ئاوی خواردنەوەی شاری بەسرا لە خواروی عێراق، وە کوشتنی زیاتر لە 4000 هەزار کەس لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، ئینجا ڕاپەڕینە بە ناوبانگەکەی دانیشتوان دژ بەمە لە 2014 وە بڵاو بوونەوەی لە سەر ئاستی وولاتەکە . دیسانەوە چیرۆکی ژەهراوی کردنی جیهان لە لایەن تاقی گاو بەرهەمەکانی M3 , Dupont وە لە ساڵەکانی 1950 وە بە بێ وەستان ...(2)

--------

1- C-8 تەنها یەکێک لە ماددە کیمیاویە کوشندەکانی سەر بە 88 هەزار ماددەی کوشندەی کیمیاویین کە لە بەرهەمهێنانەکانی سەرمایەداری دا بەکاردێن و کوشندەن بۆ ژیان، بەڵام هاندەری قازانجی جیهانی سەرمایەن. ئەم ماددانە بە شێوەیەکی ڕەسمی پێناسەکراون وەک هۆکاری، بەلایەنی کەمە وە، زیاتر لە شەش لە نەخۆشیەکواندەکانی مرۆڤ، وە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ناسراون بە هۆکاری پیس کردنی جیهان، شێواوی‌لەدایک بوونی مرۆڤ و ئاژەڵ، ژەهراوی کردنی ئاو، زەوی، هەوا...لە ساڵەکانی 1950 وە. ئەم ژەهراوی کردنە سەرەتا لە و شوێنانەوە سەری هەڵ دا کە ئەم تاقی گاو کۆمپانیا کیمیاویانەی تیا دامەزراوە و تاقی کردنەوەو بەرهەم هێنان ئەکەن، و پاشەڕۆکانیان فڕێ ئەدەنە ڕووبارەکان و هەواوە لە 1950 کانەوە ( بۆ تەواو تیگەێشتن لەم نموونەیە سەیری ئەو فلیمە وەسقەییە بکەن لەسەر ئەم مێژووە ژەهراویە بە ناوی " ئەو شەیتانەی کە ئاشناییین پێی" )

2- لە کاتی ژەهراوبوونی دانیشتوانی شاری فلنت بە کیمیاوی C-8 ، وە کەشف بوونی فەزاحەتی کۆمپانیاکانی M3, Dupont ، و خرۆشانی جەماوەری شارەکەو دەنگدانەوەی لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، کۆمپانیاکانی هاوبەش لەم تاوانەدا هەستان بە بڕیاری ئەوەی کە ئەبێت نموونەکان( سامپڵ) لە سەر ئاستی جیهانی کۆکەنەوە، بۆ ئەوەی بزانن

داسەپاندنی شاڵاوەکانی کوتان و پاکو خاوێنی ،کۆڤید  -19 ، بریتی یەلە بەرفراوان بوونی دەسەڵات و بەرهەم هێنانی پیشەسازی دەرمان سازی و پیشەسازیەکانی  پیترۆ کیمیاویی و بەرهەم هێنانی موختەبەریەکان( بە هاوکاری و شان بەشانی باڵڕاکێشانی تیلکۆمنیکەیشن، ئینتەرنێت...) بەسەر ژیان ماندا. بەڵام هەر لە هەمان کاتیشدا  کۆڤید  -19 بەردەوام بوونی ڕاستەوخۆی دەسەڵات و هەڵسوکەوت و بەرژەوەندی هێز و دامەزراوە هاوکارە جیهانیەکانی چینی سەروەرن.
کۆڤید -19 پرۆگرامی ئەو پەڕی فەرمان ڕەواییە، لەسەر ئاستی جیهانی و لە ووردەکاری ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ دا. پراکتیکە ڕاستەقینەکەی ئەم پرۆگرامە ئەوەیە کە بوونە زیندووەکان و پەیوەندیە ئۆرگانیکیەکان لەبەر یەک هەڵوەشێنێت و لە ڕێی ئامرازەکانی خۆیەوە دروستیان کاتەوە! بەم شێوەیەش مامەڵە بە دانیشتوانی گۆی زەویەوە بکات(3)، پەیوەندیە چینایەتیەکان بە بەرژەوەندی خۆی دەمەزەردکاتەوە، باری ژیان و هۆشیاری زیندوو هەڵتەکێنێت و تەزویری بکات بە کیمیاوی و بایۆلۆجی موختەبەری و ئینتەرنێت و میدیاو پرۆسیسی بەرهەم هێنانی تەزویر و ژەهراوی و کۆنترۆڵ کراو. ئەم پرۆگرامە ، کە هەموو باڵە سیاسیە جۆراوجۆرەکانی بۆرجوازیەت لەسەری کۆکن، بریتی یە لە یەکێتیەکی ڕاستەقینەی زاڵی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی جیهانی سەرمایەداری.  ئەم پرۆگرامە،  بریتی یە **لە دەسەڵات و تەکنەلۆجیای پێشکەوتنخوازی شێوەیبەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕی جیهانی سەرمایەداری و دەوڵەتەکەی**. هێزی یەکێتیە جیهانیەکە و زاڵیەکەشی لیرەوە هاتووە.

ئەم پرۆگرامەی سەرمایە، بەرەوپێشچوونێکی زۆر بەهێزی ئەو پرۆسیسە مێژووییەیەتی کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوان لەسەر گۆی زەوی ئەکاتە بوونێکی  ڕووت و بێ دەسەڵات و  دابڕاو و لاکەوتە ( پرۆلیتاریای سەردەم)( کۆیلایەتی   )، کە دەستیان ناگا تە ئاوو زەوی و هەناسەدان و پێویستیەکانی ژیان، ناتوانن خۆیان بژێنن و بە ڕاستەو خۆییی هەست بە بوونی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی خۆیان بکەن، کە ناتوانن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵسو کەوت بکەن، ئەبێت بە ڕاستەوخۆیی  تەواوی بوونە کۆمەڵایەتیەکە خۆیان ( هەموو هەڵسو کەوتەکانی ژیانیان، بە هەناسەدان و جموو جووڵ و تەندروستیشەوە) بەن بەدەست  تۆڕی فەرمان ڕەواییی ئەمڕۆی سەرمایە و دەوڵەتەوە. ئینجا و لە چوارچێوەی ئەم  تۆڕەدا( کە بەردەوام لە شەپۆلدایە) ئەتوانن خەریکی ژیانی ناڕاستەوخۆیی خۆیان بن، بتوانن بخۆن، بتوانن هەست بە بوونی نا ڕاستەو خۆی کۆمەڵایەتی و مرۆییی خۆیان بکەن لە ژێر ڕکێفی فەرمانڕەواییی دەسەڵاتدار دا ( لە ڕێی بڕیارەکانی فەرمان ڕەواو داو دەرمان و ئیشی هەڵ بەز و دابەز و ئینتەرنێت و تەلەفون و قەرزاری بانق و حکومەت و  خواردن و خواردنەوە و کۆبوونەوەی  دیاری کراوەوە....)...

-----

کە ژەهراوی کردنەکەیان تا چەند بە جیهاندا بلاو بۆتەوە. هەستان بە کۆکردنەوەینموونەکانی (سامپڵ) خوێنی مرۆڤ لە هەموو سوچێکی جیهانەوە. هەدەفەکەیان ئەوە بوو کە نموونەی  " خوێنی پاک"، خوێنێک کە مادده کمیاویەکانی ئەوانی تیا نەبێت، بدۆزنەوە. نەبوو!  بۆ هەر سوچێک ئەچوون و سامپڵیان کۆ ئەکردەوە، نەتیجەکەی ژەهراوی بوون بوو. تەنانەت یەک سامپڵیشیان لە خوێنی پاک دەست نەکەوت. تاکە شوێنێک کە توانیان سامپڵی خوێنی پاکی لێ بێنن ئەرشیفی موختەبەری سوپای ئەمەریکی بووا ( بڕوانە چیرۆکی تۆمارکراوی ئەم تاوانە لە ژێر ناوی " ئەو شەیتانەی کە ئەیناسین“ ( The Devil we Know”, BBC
3) چ جۆرە مامەڵەیەکە؟ لە سەر ئەمە زۆر زۆرمان نووسیوەو زۆریش ماوە کە  دەرکەوێت و بووترێت...

کۆڤید -19 پیشکەوتنێکی بە زەبرو زەنگی بەهێزە لە پرۆسیسی زاڵ بوونی سەرمایەیە بە سەر ژیاندا ، و پرۆسیسی بە پرۆلیتاریا کردنی دانیشتوانی گۆی زەوەیە.
لەم پرۆسیسەدا ، بە بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی ئەم دانیشتوانە بێ دەسەڵاتە ( وەکو ماددەی خاوەنداریتی، ماددەی خاو، کۆیلە و ئامرازی پرۆسیسی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەروەری سەرمایە...) ، و ڕێکخستن و بەکارهێنانیان لە پرۆسیسی سورخواردن و کەڵەکە بوونی سەرمایەدا ( هەموو یەکێک لە بوونە کۆنترۆڵ و ڕێکخراوەکان، ئەبێت و پێویستە کە زۆر زیاتر لە کولفەی تێچوونەکەی بوونی خۆی ، کە سەرمایەسەرفی کردووە تیاندا ، بخاتەوە سەر پرۆسیسی جووڵەو کەڵەبوونی سەرمایە( بەها)، ئەگەر نا، ئەوا قازانجی گشتی سەرمایە دا ئەبەزێت، کولفەی گشتی سەرمایە بەرز ئەبێتەوە، بەردەوامی دان بە مانەوەی دانیشتوانی بێ دەسەڵات ئەبێت بەرامبەر بە ئەرک و کولفەی زەرەر بەسەر سەرمایەوە، و لەم کاتەدا سەرمایەدارەکان پرۆگرام و پلانی لەناو بردن و ڕێکخستنەوەو پاکردنەوەیەکی کاریگەرانە دائەڕێژن. پسپۆڕ و پیاوەکانیان پێشنیارەکانیان پێشکەش ئەکەن، گفتو گۆ و تاقی کردنەوەکان لەسەر ئەم پێشنیارانە، لە ناوەندە تایبەتیەکاندا ، ڕێک ئەخرێت، دەهێنرێ و دەبرێ، نموونەکانیان ئەبینرێت، لێیان هەڵ ئەبژێردرێ، تا ئەو کاتەی کە، یان ئەگەنە کۆکردنەوەی ئەو هێزەی کە وای ئەبینن بەسە بۆ سەرخستنی پرۆگرامەکەیان، یان ڕێگایەکی لەوە باشتریان لا نی یەو هەر ئەبێت ئەوە بکەن...) جەوهەر و ماتۆڕی مۆدێلی بەرهەم هێنانی سەرمایە و دەسەڵاتە کۆمەڵایەتیەکەیەتی.
هەر لە کۆیلاتیکۆنەوە تا ئەمڕۆی کۆیلایەتی مرۆڤ، چینی زاڵ، بازرگانەکان، پاشاکان ، خاوەندارەکان، جەنراڵەکان، سەرمایەدارەکان،،پیاوانی ئایینی.. بینای ئیمپراتۆریەتەکانیان ، بینای دەسەڵات و سەروەت و سامانی خانەوادەییان، کەڵەکە بوونی سەرمایەکەیان... کردووە لەسەر ڕووت کردنەوەو خستنە ئیش و کۆنترۆڵ کردنی ئەم چینە بێ دەسەڵاتە. ئەمەش لە ڕێی هەڵ کەندن و ڕامالێن و ڕووتکردنەوەو ئابلۆقەدان و بە چۆکدا هینان و ناچارکردنیان بەرەو ڕکێفی چینی زاڵ. ڕووتکردنەوە و بێ بەش کردنی چەوساوەکان لە ژیانی ئۆرگانیکی و کۆمەڵایەتی، لە بەرهەم هێنانی خۆییی، خۆی بۆ خۆی، لە پەیوەندیە ڕاستەوخۆکانی بەرهەم هێنان و بەکارهینان، وە گوشین و شیواندنیژیانیان، بێ قیمەتکردنی خۆی بۆ خۆی، وە خستنە ئیش و قیمەت پێ دانی بە پیی وویست و پێویستیەکانی چینی سەروەر، ڕیز کردن و ڕێکخستن و دابەشکردنیان، پرۆسیسی ژیان و مردنیان، بە گوێرەی ویست و پێویستی چینی زاڵ، ئەمە بنەما و ماتۆڕی مێژوویی کۆمەڵگای چینایەتیە. ماتۆڕ و پرۆسیسی پێشکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی یە. ئاواش ئیمپراتۆریەتەکانیان بنیات ناوە، فەرمان ڕەواییان کردووە، جەنگەکانیان ڕێک خستووە، شارەکان و پەرست گاو قەڵا و تەلا رو کارگەکانیان دامەزراندووە، سەرمایە و سەروەتیان کۆکردۆتەوە، دەوڵەتیان دامەزراندووە..
کۆمەڵگای سەرمایەداری و شێوەی بەرهەم هێنانەکەی، دەسەڵاتی فەرمان ڕەواو پێشکەوتنە جیهانیەکەی ... بیناکراوەو لەسەرەوە ئاوودراوە بە چەوساندنەوەیەکی هەمەلایەنە، برسی کردن، لەناوبردنی بە کۆمەڵ، کۆیلایەتی، مەمرەومەژی، ژەهراوی کردنی ژیان، سزا، پەک کەوتەیی و لەناوچوون بەدەم ئیش و چەوساندنەوەو، گۆڕانکاری و دەستکاری کردن و وونکردنی هەموو مرۆڤایەتی بەرەو خراپتر و دڵە ڕاوکێ و نادیاری.. هەر لە شێواندن و پیسکردنی زەوی، ئاو، هەواوە.. تا ژەهراوی کردنی خوێن،

شێواندنی مرۆڤ و ئاژەڵ، خولقاندنی جۆرەکانی نەخۆشی دەرونی و جەستەییی، پەک کەوتەییی، داوو دەرمانی کوشندە... تا دەگات بە کۆڤید -19 و زیاتریش... هەمووی بریتی یە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و تەعبیر کردنە لێی لە خۆ بەرهەم هێناوەو بەرەوپێشچوونی دا . بریتی یە لە پەرەسەندی تەکنەلۆجیا و دەوڵەمەند بوونی سەرمایە لەسەر بنەمای گوشین و ڕێکخستنەوەی چینی بێ دەسەڵات، گوشینی ژیان و هەڵسوکەتیان، لە بێژنگدان و تازەکردنەوەی بوونەکەیان، کۆنتڕۆڵ کردن و ڕیزکردنەوەی بوونی کۆمەڵاتیان، لەبەریەک هەڵوەشاندنی بوونە بایۆلۆجی و سروستی و کۆمەڵایەتیەکە یان و دەرخواردانی بە جەنگی کیمیاوی و پزیشکی و داو دەرمان و تەکنەلۆجیایسەرمایەوە..

**کۆڤید -19 بریتی یە لە هێز و پێشکەوتنی سەرمایەی جیهانی**. بریتی یە لە فەرمانی ڕێکخستن و کۆنتڕۆڵ کردنی چۆنیەتی مانەوەو مردنی دانیشتوانی گۆی زەوی. **بەرپاکردنیی جەنگێکی دوور و درێژە دژ بە بوونی مرۆڤ. خۆی بۆ خۆی کۆتاییی نایەت! وەکو هەموو جەنگەکانی تری سەرمایە، تەنها کاتیک کۆتای دێت کە یاخی بوونی کۆمەڵایەتیمان دەست پێ ئەکات...**

ئەمڕۆ ، پڕۆگرامی کۆڤید - 19، کۆنتڕۆڵ کردنی تەندروستی، دەستدرێژی کردنی قوڵی نهێنی و ئاشکرای دەوڵەت بۆ سەر ژیان، پڕوپاگەندەو کاوێژکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ، ژەهراوی کردنی هەست و سۆزی مرۆییی و کوشتنی بیرکردنەوەمان، شاڵاوەکانی کوتان و هەنگاوە یەک بەدوا یەکەکانی ( بەڵام بە خێراییی) دەستەمۆکردن و تێکشکاندنی بوونی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و مرۆییمان... و کارەساتی خراپتریش بە دوایدا... بەڵام بەمەوە ناوەستێت، بەیانی، سەرتاپای ژیان بەرەو خراپتر و زیاتر لەبەریەک هەڵوەشان و تێهەڵکێش کردنەوە ئەچێت، ئەوەی لەگەڵی نەڕوات و جێی نەبێتەوە ژێر پێ ئەخرێت، ژیانمان( ئەگەر بەرپەرچ نەدەیینەوەو مل بەیین) ئەبێت بە ڕێگایەکی "یەک سایت" و بەرەو "قیبلە"ی دیاری کراو، ڕیگایەکی ئەو سەری گیراو...

ئامەنجەکەیان زۆر زۆر ڕوونە، ئەویش ئەوەیە کە سەرتاپای مرۆڤایەتی بکەن بە موختەبەرێکی زەبەلاحی ژێر دەستیان، و ئەم موختەبەرەش "سروشتی" و " کۆمەڵایەتی" بکەنەوە و بیکەن بە سنوور و فۆڕمی ژیان، کە بە کۆمپیوتەر ، لە دوورەوەو لەسەررەوە، بەڕیوە ئەبرێت، بە شێوەیەکی پڕۆگرامی و کۆنتڕۆڵ کراوی وا وورد ، لەڕێی کۆکردنەوەی زانیاریە کیمیاوی و بایۆلۆجی و تەندروستی و هەڵسوکەوتی کەسەکانەوە لە ناو ئەو موختەبەرەدا، کە ستالینیزم و فاشیزم و نازیزمی پێش خۆی نموونەی بچووکن لە چاویدا، کە ئەو هێزە دیکتاتۆرییە ی لا کۆ بۆتەوە کە ئەتوانێت بڕیار لەسەر ئەوە بات کە کێ بۆی هەیە بژی و کێش بۆی نی یە!، کێ و لە کوێ بۆیان هەیە کە مناڵ دروست کەن یان نا ( ئەمە زۆر دەمێکە لە زۆر شوێنی جیهاندا ، بە نهێنی و بەئاشکرا، بە فێڵ و بە زۆر، ئەچێت بە ڕێوە، بەڵام ئەمڕۆ و لە ڕێی کۆڤید 19 وە بۆتە پڕۆژەیەکی زاڵی جیهانی سەرمایە)، دەورانی ژیان و هەلسوکەتی کەسایەتی ئەبێت چۆن بێت و چۆن نەبێت... ئامانجەکەیان ئەوەیە کە کۆنتڕۆڵێکی پڕۆگرامکراوی تەواو بسەپێنن و لێرەشەوە زیاتر بڕۆن...

زۆر ئاساییی و مەنتقیە بەلای سەرمایەدارە دەستڕۆشتووە جیهانیەکانەوە، بە لای خاوەندار و بڕیاردەرەکانی جیهانەوە، کەبیرکردنەوەو خەوێکی وا دیکتاتۆریانە و پڕۆگرام کراویان هەبێت بۆ سیتەمەکەیان و کۆیلەکانی ژێر دەستیان.! چونکە ، لە زەبەلاحی ئەو سامان و دەسەڵاتە جیهانەی کە هەیانە، هەموو بوونەوەر و پێکهاتەکانی سەر زەوی ( هەتا ئاسمانی نزیکێشیان) بە موڵک و مەیدانی دەسەڵات و یارگای ئەمڕۆ ( یان بەیانی) خۆیان ئەزانن. هەر وەکو چۆن لە ئایندا، خوا خاوەنی هەموو

شتەکانە، دەسەڵاتی هەیە بەسەر ژیان و مردنی بوونەوەرەکا نیدا ، ئەوەی بیەوێت و ئارەزووی بکات ئەیکات لە گەڵیاندا... لە ژیان و دەسەڵات و خەیاڵی خاوەندارەکانیشدا(سەرمایەدارەکاندا) بوونی خواییی و دەسەڵاتە بەرزەکەی واقعێکی بێ ئەم لاو ئەو لایە.
هەر وەک لە ئایندا وایە، ترس، تۆقاندن، شەیتان... ئامڕازی تەسلیم بوونی مرۆڤەکان و ژیانیانە، بە ویست و دەسەڵاتی خوا و پیاوەکانی خوا و پەرستگاکانی لە ناو کۆمەڵ دا و بەسەر کۆمەڵ دا، لە کۆمەڵگای سەرمایەداریشدا، هەمان شتە.. **نیشانەکە شەلەل پێ هێنان و کۆنتڕۆڵ کردنی ئێمەی مرۆڤیین!** بوونەکەمانە، ووزەو بیر و هۆشمانە، بوونە کۆمەڵایەتی و هەڵسو کەوتە کۆمەکی و مرۆییەکەمانە، سیما و توانای زیندوو سەربەخۆ و یاخی بوون و هەوڵە کانی خۆ دەرباز کردنمانە...
لە ئەرزی واقعی سەرمایەداری دا ، بوونی مرۆڤەکان و مرۆڤایەتیەکەیان، تەنها وەک موڵک، لە ژێر سایەو پابەند بە دەسەڵاتەکەی چینی فەرمان ڕەواوە بوونی هەیە. هەموو ڕیزکردنەوە و ڕێکخستنەوە و مامەڵە پێکردن و پاکردنەوەو دەستاو دەست پێکردن و تێکدان و بیناکردنەوەی ئەم موڵکایەتیەیان ، هەم پێویست و هەم ویستی بەردەوام بوونی دەسەڵات و ئارەزووی زاڵی خۆیانە. هەر وەک لە ئایندا، پڕۆسیسی هەتا هەتایی ڕاستکردنەوە و دەست پیا هێنانی مرۆڤایەتی "خلیسکا" و لادەر، پەرش و بڵاوی کۆیلە گوێ ڕایەڵەکانی خوا، بە تۆقاندن و شڵەژانن و ترس و کارەسات و سزادان و قوربانی دانی پێویستی مرۆڤەکان، وەک ویستی تۆڵەو نیشاندانی توانای سەروەرێتی خوا، دەست پێ دەکات و بەرەو پڕۆگرامی پاکردنەوەو ڕاستکردنەوەو سەرشۆڕی بۆ خوا دەچێت .. لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا هەر هەمان پڕۆسیس و نیشانە هەیە..
**دژ بەم دەسەڵات و پڕۆسیسە سەرمایە و خواییەی دژ بە مرۆڤ،** بۆ ئەوەی ئەم ژەهراوی کردن و دەرمانخوارد کردنە دەست بە جێ یە لە بەریەک هەڵ وەشێنین،بۆ ئەوەی بەر بە بەرەوپێش چوونی ئەم شاڵاوەو لەناوبردنی ژیانمان بگریین، بۆ ئەوەی ویست و دەسەڵاتە خواییەکەییان تێک بشکێنین، بۆ ئەوەی سیستەمەکەیان لە ناو بەریین، پێویستە کە هەستین بە بەرپەرچ دانەوەیان.
پێویستە کە ئەم شاڵاوە زاڵمانەیە بوەستێنین.
بەڕێوە بەرانی تەندروستی و داهێنەرانی ڕێو ڕەسمەکانی ئەم شاڵاوە لە هەموو شوێنێک ئیش ئەکەن بۆ سەرخستنی ئەم پرۆگرامە زاڵمانەیە ، نەک بۆ پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان. ئیش ئەکەن بۆ دامەزراوە بەناوبانگە نێو نەتەوەییەکان، و ئەو دەسەڵاتە پێکەوەییەی کە لە پشتیەوە وەستاوەو ئاڕاستەی ئەدات، وەبۆ لق و پۆپە نیشتمانی و محەلیەکانی، دژ بە ژیانمان و بەسەر ژیانماندا.
دامەزراو حکومەتە ناوخۆییی و نەتەوەییەکان خۆیان لە خۆیاندا هێزێکی سەر بەخۆ نین، بەڵکو بەشێکن لە دەسەلات و هاوکاری جیهانی و هاوبەشن لە تاوانەکان و کۆکردنەوەی سەر ئەنجامەکانیشی دا
**ئێمە، هەر ئەبێت کە خۆمان بۆ خۆمان، مرۆڤایەتیەکەمان و بوونە زیندووەکەمان بگرینە دەستی خۆمان.. بوونی زیندووی خۆمانە و بۆ فرۆشتن و مامەڵە پێ کردن نی یە، بۆ دەست بەسەری و سەرشۆڕی نی یە، بۆ بە کیمیای کردن نی یە....**
**دەزگا پروپاگەندەکانیان بکوژێنەرەوە و لە ئیشی بخە، پڕۆگرامەکانی تەلەفون، کە پێت ئەڵێ لە کوێت و لەکوێ نیت، چی بکەیت و چی نەکەیت، لە گەڵ هاو شانەکانیاندا لە ئیش بخە..**
لە کویا بۆتان ئەکرێت هەڵوێستی بێز لێکەرەو و ناڕەزاییی و دەستەمۆ نەبوون بنووێنن، هێما و ڕەمزەکانی ڕەتکردنەوەو دژایەتی کردنی بە ڕووی دووبارەو سێ بارە بوونەوەی قەدەغەکردن و سنوور

دانانەکاندا نیشان بەن، دژایەتی ئەوە بکەن کە ئەم شاڵاوە زاڵمانە یە و تەعزیب دانی جەستەیی و دەروینی و عەقڵیمان  سروشتی و عادەتی ئەکاتەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا، لە بازاڕەکاندا، لە سەر جادەکان، لە گەڕەک و کۆڵانەکان، تەنانەت لە ناو ماڵەکانیشماندا!

**پشت بکەرە کەلوپەلە کیمیاوی و تەندروستی و پاکو خاوێنیەکانی ئەم شاڵاوە، بە سووک سەیری کەو سوکایەتی پێ بکە، بێ گومان بەر لە هەموویان پڕۆگرامی کۆتانەکەیە، چیرۆکە هەڵبەستراوە شاخ دارەکانی کۆڤید -19،  بنەما و پاکانە پزشیکیی و ژمارەو ئامارە دروستکراوەکانیان... هەمووی بۆ تەنەکەی خۆڵەکە، بە خاوەنەکانیشیانەوە!**

بڕوا بە بۆچوونە پسپۆڕیەکان مەکەو پشتیان پێ مەبەستە،  ئەمانە بەشێکن لە پلانەکە ، نەک  لە ژیانی تۆ، بە ڕۆژنامە نووسەکان،  کە ئیشەکەیان ساختەچێتی و کەڵەکە بازیە، بە چیرۆکە هەڵبەستراوەکانیان و بەڵگە دروستکراوەکانیان، کە تۆی پێ ئەتۆقێنن و پێ ئیقناع ئەکەن... ئەم پسپۆڕ و ڕۆژنامەنووس و دەمسپییانە بۆ پارە ئەوە ئەکەن و پارەیان دراوەتێ کە " ئیشەکەیان باش بکەن".

پسپۆڕەکانی تەندروستی و پزیشکی، زانکۆکان و دامەزراوە لێکۆڵەرەوەکان، سیاسیەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندن... ئەمانە لە دروست بوون و دامەزراندنیانەوە بە هاوکاری جیهانی هەن و بەرنامەو ڕێنماییەکانی دەسەڵاتی هاوکاری جیهانی سەرمایە پەیڕەو  ئەکەن و بڵاوی ئەکەنەوە .... ئەمانە دەرچوو و ڕاهێنراوی ئەم دەسەڵاتەن و لێرەشەوە پاداشت و پارە وەر ئەگرن. علاج و بەرنامەکانی ئەم دەسەلاتە خۆی پێشنیار ئەکەن و وەک چارەسەر گەڵاڵەی ئەکەن، بۆ وەڵامی ئەو نەخۆشی و تێکچوون و داماوی دەردە سەریەی کە ئەم دەسەڵاتە خۆی دروستی کردووە..

ئەمانە ، هەموویان، سەخیفترییین " مرۆڤن" کە هەبێت،  و بە ئەنقەست و بە هۆشیاریەوە لە ڕیزی پێشەوەی بەرگری کردنن لە دەسەڵاتی هاوکاری جیهانی و شاڵاوی لەناوبردنی ژیانمان. بەکرێگیراوی دەسەڵاتی جیهانی سەرمایەن و ئیش بۆ دامەزراو فەرمانەکانی ئەم دەسەڵاتە ئەکەن.

هەرگیز سیقەیان پێ نەکەن و گوێ ڕایەڵی ئامۆژگاری و بڕیارەکانیان مەبن

نابێت ژیانمان بخەینە بەردەستیان

ئەبێت بانگەواز و چیرۆکەکانیان ڕەت کەینەوە

ئەمانە و دەزگا تایبەتیەکانیانن کە تۆقاندن و شڵەژان ئەخولقێنن و زلی ئەکەن،  مامەڵە بە نەخۆشەکانەوە ئەکەن،    یاری بە ژمارە و چۆنیەتی مردووەکانەوە ئەکەن، هەمووشی لەیەک ئەدەن و ئەیکەن بە پڕۆگرامی چەکی کۆنترۆڵ کردنی جەماوەر و لەناوبردنی بەکۆمەڵ

ئەبێت پڕۆگرامی کۆتانەکەیان ڕەت کەینەوە، ئەبێت ڕسوای ئەوە بکەیین کە کیمیاویەکەیان زاڵ بێت بەسەر بوونە بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتیەکەماندا...

نابێت بوونە فیزیاویی و کۆمەڵایەتیەکەمان بەین بە دەست پەیوەندیەکانی ئینتەرنێتی و "دڵ خۆشی" لە دوورەوە ، بیکەیین بە سپێکتاکل...

ئەبێت یاخی بین، خۆمان ڕیك خەیین، ژیانی خۆمان بگرینە دەستی خۆمان...

دژ بە هەموو لایەن و ڕووەکانی پڕۆگرامەکەیان

دژ بە هەموو پڕوپاگەندەکانی ڕۆژانەیان

**بەرەو یاخی بوونی کۆمەڵایەتی**

**بەرەو شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سەرخستنی کۆمۆنەی جیهانی مرۆڤایەتی**


I shall NOT be having...
NO TEST.
NO MASK
NO VACCINE
NO COVID-19.
So you would accept this,
And they could hide the damage
caused by this


SAY NO
TO THE
PRICK

# دژایەتی کردنی ئەمڕۆی دەستدرێژیە جیهانیەکەی سەرمایەداری بۆ سەر ژیان، مل نەدان پێی و بە ئاسایی نەکردنەوەی هەڵسوکەوتەکانی لە ژیانی ڕۆژانەدا ، ئەرکی شۆڕشگێڕی و مرۆیی دەست بەجێی هەموو پڕۆلیتاری جیهانە

"  شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەسەدەی نۆزدە دا ناتوانێت هۆنراوەکانی خۆی لە ڕابردووەوە وەرگرێت، بەڵکو تەنها لە داهاتووەوە " (    مارکس The Eighteenth Brumaire p 12-13)

ئەبێت دروشم و هۆنراوەکانی ئەمڕۆی ململانێی چینایەتی پڕۆلیتاریا و شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکەی چی بێت؟!

جیهان لە گۆڕانکاریدایە. لە گۆڕانکاریەکی بە پەلەو لە چوارچێوەیەکی ڕێکخراودا ەڕێوە ئەچێت، بەرەو باشی نا، بەڵکو بەرەو خراپترین شێوەی‌کە تا ئێستا مرۆڤایەتی بە خۆیەوە نە بینیوە.. ئەم گۆڕانکاریانە بەڕیوەدەچێت بە تەنسیقی سەرمایەدارەکان ، لەڕێی وویست و دەسەڵاتی جیهانیانەوە، بە ئاراستەی دەسەڵاتی زیاتر بۆ سەرمایەدارەکان  و بوونی کەمتر و کەمترین بۆ مرۆڤایەتی...

ئەمڕۆ هەرە دەوڵەمەندەکان، ڕێکخراوو بانق و دامەزراوەکانیان، سەرمایە هەرەوەزی و پڕۆژە جیهانیەکانیان، تەنسیقە جیهانی و سیستەماتیکیەکەیان... ئەمانەن کە شۆفێری هێزی ئەم گۆڕانکاریانەن و بەرپرسن لە پڕۆسیسە دیکتاتۆریەکەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا.

لەڕێی مێژووی کەڵەکە بوونی سەروەت و سامانەکانیانەوە، سەرمایە جیهانیەکەیانەوە، تەنسیق و نادی و کۆڕ و کۆبوونەوەو دامەزراوەکانیانەوە، دەسەڵاتیان بەسەر دامەزراوە جیهانی و نەتەوەیی و ناوخۆییەکاندا دروستکردووە( سەربازی و ئاسایشی، زانکۆ، پزیشکی،  حکومەتەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندان، خێرخوازی و ئایینی یەکانەوە..)، پەیوەندی خانەوادەیی، بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی چینایەتی سەروەرانە(یاری، خواردنەوە، زەواج....)..جەنگی خاوەندارێتی جیهانیان ڕاگەیاندووە.

ئەم جەنگەش دەستپێشخەری جیهانی و مێژوویی بەرژەوەندیە چینایەتیەکەیانە ،  دەستپێشخەری دەسەڵاتی چینایەتی  و ڕێکخراو بوونی سەروەرانەیانە ، وەک دەسەڵات و دەوڵەتێکی جیهانی لە دەست بەسەری و دەسەڵات بەسەر مرۆڤایەتی دا...

پڕۆژەی زاڵی  جیهانی ئەمڕۆی سیستەمی سەرمایە، هەر  ئامادەبوون و ناچاری مرۆڤەکانی ناوێت، لە ڕووی فرۆشتنی هێزی کاریانەوە بۆ بەردەوامی ژیانیان، بەڵکو داوای بوونی سەرتاپای مرۆڤە داڕوتاوەکان، وەک ماددەی خاو، ئەکات.  بۆ ئەوەی ئەم پڕۆژەیە سەرکەوێت ئەبێت هەموو داڕووتاوەکان لە ڕەگەوە هەڵکەنرێن ، وەک ماددەی خاوی زیندووی هەستیار ئامادەی بەکارهێنان بن لەلایەن پەرەسەندنی ئەمڕۆی سەرمایەوە. مادەیەکی خاوی زیندووی وا ، کە هەر هێزی کار نی یە، بەڵکو پێکهاتەیەکی ئاڵووزی  زیندوو و بەهەست و پڕ لە جمووجووڵ، کە بە ڕاهێنان و کۆنترۆڵ کردنی، بە کردنی بە ماددەی خاوی بە جووڵەو زیندوو، دەرگا ئاواڵە ئەکات بۆ بەرهەم هێنانی بەها و پەرەسەندنی جیهانی سەرمایەداری. لەبەر ئەوەی زیندووە و پێکهاتەیەکی ئاڵۆزە، بە هەڵتەکاندن و پارچەپارچەکردن و

گۆڕانکاری و دووبارەو سێ بارە پێکهێنانەوەی بەرهەم هێنان، لە بەش و سات و جووڵەو هەڵسو کەوت و چیرۆکەکانی... ئەم بوونە ئاڵۆزە، بە پڕۆسیس کردنی ئەم بوونە ئاڵۆزە زیندووە خاوە، نەک وەک بوونێکی مرۆییی کۆمەڵایەتی، بەڵکو وەک ماددەی خاو، وە ک مولک و زەمینەی خستنەئیشی سەرمایە، وەک کۆیلە، وەک بەشێک لە سەرمایە خۆی، ئەمەیە کە ئەمڕۆ ئەیەوێت بەتەواوی خۆی بسەپێنیت دژ بە بوونی مرۆڤایەتی. ئەمەیە کە ناو ئەبرێت بە بەهێزدنەوەی سیستەمی کۆیلایەتی.

ئەگەر لە چوارسەد ساڵێک لەمەو بەرەوە، داهێنانەکان و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە بوارەکانی هاتووچۆی دەریایی و زەمینی و بەرهەم هێنانی چەک و ووزەو شەکر و قاوەو و جل و بەرگدا...، بازرگانی و سوپا و دەسەڵاتی سەرمایەی بەجیهاندا بڵاوکربێتەوە، سیستەمی چینایەتی جیهانی و کۆیلایەتی جیهانی بەرهەم هێنابێت، ئیمپریالیزمی جیهانی دروست کردبێت، ئەمڕۆ داهێنانەکان و پەرەسەندنی سەرمایەداری لە بوارەکانی ئەلکترۆنی، کیمیاوییی، بایۆلۆجی، جۆرەکانی ووزە، بەرهەم هێنان و بەکار هێنان، نەشتەرگەری و سایکۆلۆجی ، وێنەیی و میدیا و ئایدیالیزم، چۆنیەتی بەڕێوەبردن و ئیشکردندا... هەمان ڕۆڵ ئەبینن.

سەرمایەی ئەمڕۆ بەدوای کۆنتڕۆڵ کردن و پەرەپێدانی ئەو موادە خاوانەوەیە کە ئەتوانرێت لە پەرەسەندنی ئەمڕۆی سەرمایەداریدا بکرێت بە زنجیرەیەک لە بەرهەم هێنان و چەندەها بەرهەم، نەک تەنها یەک یان کۆمەڵێک بەرهەم. هەتا مادە خاوەکە زیندوو ئاڵۆزتر بێت، بواری درێژکردنەوەو ووردکردنەوەی زینجیرەی بەرهەم هێنا و ئاڵوگۆڕکردنەش زیاتر ئەبێت.
ئەمە تازە نی یە، کە بەرهەم هێنان و بازرگانی نەوت و گاز بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی خەڵوزی خستە لاوە، لەبەر ئەوەبوو کە پڕۆسیسی نەوت و گاز بواری کیمیاوی و پلاستیکی و چەندین جۆری بەرهەم هێنانی ووزەو بەرووبوومەکانی کردەوە، کە بوارەکانی نەوەوی و بایۆلۆجی و هەتاوییی تەنگیان بە نەوت و گاز هەڵچنیوە، هەر لەبەر هەمان هۆیە، کە مایکرۆسۆفت چاپ و بەدەست نووسینی کرد بە کەلتوور، لەبەر ئەوەیە کە یەک زمانی و یەک نووسینی جیهانی کۆمپیوتەری پەرەپێ دا، کە ئینتەرنێت تەلەفونی قووت دا، لەبەر ئەوەیە کە ئینتەرنێت، جگە لە هەڵسوکەوستی تەلەفوونی، هەزارەها هەڵسو کەوت و پەیوەندی بەرهەمهێنان و هەڵسورانی تریشی لە خۆ گرتووە ، کە گوگڵ بۆتە ڕۆژنامەی جیهانی ئەلکترۆنی، لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی زانیاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەو تەلەفیزیۆنی... پێشخۆی قوت داوە، کە ئەمەزۆن بۆتە مەیدانی ڕێکخستنی ئەلکترۆنی و وێنەییی کڕین و فرۆشتن و گوێزانەوەی کەل و پەلی جیهانی، هەر هەمان بابەتە...
ئەم گەڕان بەدوای شێوەی بەرهەم هێنا و ئاڵوگۆڕکردن و بەڕێوەبردنەی سەرمایە یە کە گۆڕانکاریەکانی ئەمڕۆی هێناوەو ئەیسەپێنێت. ئەو قوت دان و چڕبوونەوەی سەرمایە و دەسەڵاتەکەیەتی کە فەرمانڕە واییی ئەمڕۆ ئەکات.
ئەم چڕبوونەوەیەی پەرەسەندنی پێشینی سەرمایە و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنێتی( لە کۆمپانیاکانەوە تا دەوڵەت)، بە پێشرەوایەتی و دەسەڵاتی کیمیاوی ، بایۆلۆجی، نەوەوی، مایکرۆسۆفت، ئینەرنێت، گوگڵ، ئەمەزۆن، داو دەرمان، سایکۆلۆجی.... کە ئەمڕۆ مرۆڤی وەک مادەی خاو، نەک وەک بوونێکی کۆمەڵایەتی، ئەوێت. لە ڕابردوودا ئەمە هەبووە، هەمیشە بەزۆر و بەکەم بەشێک بووە لە

سیستەمی سەرمایەداری جیهانی. کۆیلەکان، زیندانیەکان، بەسوغرە گیراوەکان، پەناهندەکان، بەشێک لە کرێکاران... ئەمانە هەر  وەک هێزێکی بەرهەم هینانی سادە بەکار نەهێنراون ، بەڵکو وەک ماددەی خاو، وەک بەرهەم، وەک کەل و پەل، وەک خزمەتچی و ماددەی لەزەت، وەک یاری، وەک خۆراک و تاقی گا ... مامەڵەیان پێوە کراوە. کۆیلایەتیەکەی ئەمڕۆ شێوەیەکی پەرەسەندووی ئەمەیە.








بە ڕاگەیاندنی ئەم جەنگە جیهانیەی ئەمڕۆ دژ بە مرۆڤایەتی،  دیکتاتۆریەتی ئابووری چڕ ئەبێتەوە لە دەستی دیجیتەڵ ، پارە،  سەربازی دا. بەمەش پرۆسیسی بەرهەم هێنانی مادی و ئاڵوگۆڕ و دابەش کردن کراوە بە کردارێکی سەربازی، دیجیتەڵ و پارەیی.. بووە بە دیکتاتۆریەتی "سەربازی، دیجیتەڵی، پارەیی

، دینی.." بەسەر بوونە مرۆییەکاندا" . لەڕێگەی ئەم پڕۆسیسە وە " دەسەڵاتی ئابووری" دەرهێنراوە و دوورخراوەتەوە لەدەست پڕۆلیتاریا، لەدەست هەڵسوو کەوتی ڕۆژانەی، لەدەست پەلاماردانی، لەدەست گرتن و دەست بەسەراگرتنی... مەسافە و دووری نێوان ئەم "دەسەڵاتە تازەیە"ی ئابووری و پڕۆلیتاریا تا دێت فراوانتر و فراوانتر ئەبێت و تەعقید ئەکرێت..بەمەش **هێز و توانای ژیان زیاترو زیاتر لەدەست پڕۆلیتاریا دەر ئەهێنرێت و دوور ئەخرێتەوە..** لێدان و هەڵ کوتانە سەر سەنتەرەکانی دابەشکردن و پچڕانی ئاڵ و گۆڕ و تەبادل و بازرگانی چی تر ئەو گرنگیەی نی یە! بۆ؟ چونکە زۆر بە ئاسانی شورایەکی سەربازی بەدەوری مەرکەزەکانی دابەشکردندا ئەکێشن و هێنان و بردنی بازرگانی ئەکەنە کردارێکی سەربازی و دابەشکردنی شت و مەک ئەکەن بە کردارێکی ئەلەکترۆنی و ئاسایشی و ئەتوانن لێوەی کۆنترۆڵ و سزاو برسی کردن بسەپێنن و بتخەنە لیستەی تاوانباران و بیکەن بە پڕۆسیسی سەرشۆڕکردن و مل کەچی و ئەوانەی بۆن و سیمای یاخی بوونی لێ دێت تێکی بشکێنن...(کەسەکان، ناوچەکان، بەرهەمەکان...)..




هەر ئەمەش نا، بەڵکو بەرهەم هێنانی جیهانی شت و مەک دیسانەوە ئەچێت بەرەو ئاراستەی دابەش بوونێکی "نوێی" جیهانی کار، کەمپە دەست بەسەریەکان، پڕۆسیسی سەربازی و ناوچەیی تایبەت. چەند شوێنێکی دیاری کراو لە جیهاندا ئەکرێت بە هێڵی بەرهەم هێنانی شت ومەک بۆ هەموو دانیشتوانی گۆی زەوی.. بەمەش کۆنترۆڵی جیهانی دابەشکردنە کەی ئەکەن و بەدوور لەسەر جادەو لەبەرچاوو دەساو دەستی دانیشتوان دابەشی ئەکەن..هەر لە هێڵەکانی بەرهەم هێنانەوە تا ناو ماڵەکان

وسەر مێزی خواردنیان ئەکرێت بە یەک پرۆسیس و ئەکرێت بە چەکی چەوساندنەوەو کۆیلایەتی و دەست بەسەری...

دەسەڵاتی ئابووری دەر ئەهێنرێت و دوور ئەخرێتەوە لەدەست پرۆلیتاریا و ئەخرێتە دەستی سوپاوە.. بەمەش بڕینی ئاڵوگۆڕ و هاتوو چۆ و لێدان لە مەرکەزەکان(مەخزەنەکان)ی دابەش کردن چی تر ممکن نی یە. هەمووی وەکو گریین زۆنی لێ دێت و ئەبێت بە لێدان لە دەسەڵاتی سەربازیەوە بۆی بچێت...

هەروەها بە کۆنترۆڵ کردنی پارەی دەستا و دەست و نەهێشتنی پارەی گیرفان توانا و هێزی "معاش"و "کرێ"یان ، لە پرۆلیتاریاکان گرتۆتەوە، هێزی دەستکردن بە گیرفان و سەرفکردنی سەربەخۆ ی دوور لە دەسەڵاتی راستەوخۆی بانقیان لێ سەندووە...

هەموو ئەمانە بریتی یە لە ڕاگەیاندنی جەنگێکی چینایەتی لە لایەن بۆرجوازیەتی جیهانیەوە بۆ تێکشکاندن و کۆیلایەتی زیاتر و سەپاندنی دیکتاتۆریەتێکی "نوێ"( ڕاستتر هێنانەوەی هەرە کۆنەکان) دژ بە پرۆلیتاریا..



# دژ به دیکتاتۆریەتی تەندروستی

**دژ بە دیکتاتۆریەتی دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتیمان لە یەکتری.**

**دژ بە دەستبەسەری هەمیشەیی و باڵاکێشانی زیاتر و زیاتری دەسەڵات بەسەر ژیانماندا.**

**دژ بە سەرکوتکردن و مەنعەتەجەول، دژ بە هەموو هەنگاوو ڕێو ڕەسمەکانی داپڵۆسین.**

**دژ بە تاساندن و بەستنەوەی توانای داهێنان و هەڵسوکەوتەکانی پێویست بۆ مانەوەی ژیانمان.**

**دژ بەو هەوڵانەی کە ئەیەوێت بمانکات بە جاسووس و سیخوڕ بەسەر یەکتریەوە.**

**نەخێر بۆ هەموو ئەوانەو هەزار جاریش دژ بە هەموویان....**
**بەر پەرچی تیرۆریزمی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بدەنەوە**

**بەرپەرچی شاڵاوی ڕێکخراوی تیرۆریزمی ڕۆژانەی دژ بە دانیشتوان بەنەوە.**
**دژایەتی تیرۆریزمی دەزگا ڕاگەیاندنە جەماوریەکان بکەن، کە یاری بە هەست و سۆزمان ئەکەن بۆ بەرژەوەندی دەسەڵات.**

**بەرپەرچی چاودێریکردنی هەمیشەییی دەسەڵات بۆ سەر ناڕەزایەتیەکان و دەنگە ناڕەزاکان بەنەوە.**

**بەرپەرچی تۆقاندن بە فایرۆس بەنەوە،**
**بەرپەرچی شاڵاو و هەراو هۆریای تۆقاندن بەنەوە.**
**بەرپەرچ بەنەوە....**
**کۆتایی بێنە بەم کاریسە کۆمەڵایەتیە**
**کۆتایی بێنە بەو پڕۆپاگەندانەی کە ئەڵێت بوونی ڤایرۆسی کرۆنایە کە بۆتە هۆی بوونی ئەزمەی ئابووری .**
**ئەو کۆت و بەندە تەندروستیانە بپچڕێنە، کە برسێتیێکی لەرادەبەدەری خولقاندووە و خراپتریشی ئەکات..**
**کۆتاییی بەم کارەساتە مرۆییەبێنە، کە بۆتە هۆی لەدەستدانی بوونی مرۆییی و خودی مانای ژیانیش.**
**هەستە دژ بە بەرپرس /و قازانجکەرکان لەم فەزاحەتە بە ئەنقەست هێنراوە.**
**کۆتاییی بێنە بەم فەزا...**

# هێزکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری

Two centuries of capitalism and market nihilism have brought us to the “
”...most extreme alienations: from our selves, from others, from worlds
(The Coming Insurrection, The Invisible Committee -January 2009 p 8 )

کاتێک خەباتگێرەکان لە ڕابردوودا ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە: ناکۆکیەکی هەمیشەیی هەیە لە نێوان هێزەکانی بەرهەم هێنان و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێناندا، و شۆڕشی کۆمەڵایەتی تەنها کاتێک ئەتەقێتەوە کە ئەم ناکۆکیە بگاتە ئەو ڕادەیەی کە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان جڵەوی مێژوویی بەکارهێنانی هێزەکانی بەرهەم هێنانیان لەدەست دەرچێت ، یان بە پێچەوانەوە، هێزەکانی بەرهەم هێنان یاخی بن لە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان.. ئەوان لە بوونی ژیان و کۆمەڵایەتی مرۆڤ و داهێنانەکانی و پانتایی سروشت و هێزو دیاردەو بەرو بوومەکانیەوە دەستیان پێ کردووە و بەویش کۆتاییان پێ هێناوە. مەبەستیان ناکۆکی نێوان هێزی ژیان و پەیوەندیەکانی خاوەندارێتی و دەسەڵات بەسەریاندا بووە.

سەرمایە و پەیوەندیەکانی، خاوەنداریەتی و دەستوورەکانی، بریتی یە لە توانا و دەسەڵاتی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان بەسەر بەکارهێنان و بەڕێوەبردنی ، بەسەر چۆنیەتی ئیشکردنی، هیزەکانی بەرهەم هێناندا: مرۆڤ، سروشت، ووزە... .
سەرمایە و پەیوەندیەکانی, بەردەوامی خۆی لە کۆکردنەوەو کۆنترۆڵ کردنی هێزەکانی بەرهەم هیناندا تازە ئەکاتەوە. خاوەندارێتی، کاری کرێ گرتە، دابەش بوونی کار، کاڵا، بەها، پارە، پێشبڕکێ، دەوڵەت، دامەزراوە سیاسی و دەستووری و ئایدۆلۆجیەکان، جەنگ... بریتی یە لە بوون و توانا و وەسیلەکانی ئەم پەیوەندیە لە سەروەرێتی بەسەر هێزەکانی بەرهەم هیناندا.
هەر لە بوون و ژیانی کرێکارانەوە تا دەگاتە بوارەکانی داهێنان و بەرهەمهینانی ووزەو پێویستیەکانی تر، پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان تەنها ئەو بەشە لە هیزەکانی بەرهەم هینان گشتی ئەکاتەوە کە کۆنترۆلی هەیە بەسەریاندا. ئەوانەی تریان سەرکوتیان ئەکات، ئەیان خاتە لاوە، ئەیان کات بە پاشکۆ، یان لە ناویان ئەبات و دەرگاکانی ژیانیان لێ ئەبەستێت . ئەوەی بۆی ناکرێت بە بەها نایەڵێت سەر دەربێنێت، یان چەکەرە بکات.
هەزارەها بوار و توانای ژیان لە ئارادایە کە گەشەسەندی مرۆڤ برەو پی ئەدات، چەندین شێوازی تر هەیە کە بەرهەم هێنان ئەکاتەوە بۆ مرۆڤایەتی، توانا کراوەو ئۆرگانیکیەکانی زانیاری و تەندروستی و سروشتی بە لێشاو هەن، ئەمانە هەمووی بە شێوەیەکی مێژوویی و سیستەماتیک سەرکوت ئەکرێن و ئەشوێنرێن، و بەدیلیان بۆ دائەتاشرێ. ژیان ئەکرێت بە بەرهەم هێنان و هەڵلووشینی هەڵسوکەوت و خواردن و خواردنەوەی ژەهراویی و گەنگو گوو، هەڵسوکەوتی مرۆییی ئەکریت بە ژیانی دەستەمۆی هاووڵاتی و بە نەخۆشی و داوو دەرمان و میدیاکان سەرپەرشتی ئەکرێت. تاموو بۆن و هەست و هۆشی زیندوو خۆشەویستی بۆ ژیان و بۆ یەکتری ئەخنکینرێت و بە ئینتەرنێت بەڕیوەئەبرێت. مرۆڤەکان لە

بوونی کۆمەڵایەتی خۆیان و لە  ئاوو هەواو زەوی و بوارەکانی سەربەخۆییی و داهێنان دوور ئەخرێنەوەو بێ بەش ئەکرێن، ئینجا بۆ مزگەوت و هەڵبژاردن و تەلەفیزیۆن و خەستەخانە ....رەوانە ئەکرێن.

هێزەکانی بەرهەم هێنان، یان هێزە بەرهەم هێنەرەکان، بەلای سۆشیال دیمۆکراتەکانەوە بریتی یە لە "سەرمایەی پێشکەوتن خواز و پرۆژەکانی"، وە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانیش ، بریتی یە لە "بەرژەوەندی تایبەت" و" پارت" و "سیاسەتی بەرتەسک" و دەستوور و دامەزراوە"مشەخۆر" و دواکەوتووەکانی. لە سەد ساڵی ڕابردوودا، بەم پێکهاتە ئایدۆلۆژیەوە ، سۆشیال دیمۆکراتەکان دژایەتی کۆمۆنیزم ئەکەن و هەوڵە یاخی بووەکانی کرێکاران دەستەمۆ ئەکەن و هاوبەشی پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری ئەکەن.
هێزەکانی بەرهەم هێنان ، یان هێزە بەرهەم هێنەرەکان، بەلای کۆمۆنیستەکانەوە بریتی یە لە بوونی کۆمەڵایەتی و توانای مرۆڤ، داهێنانەکانی، ژمارەکەی، هەروەها هێزەکانی تری سروشت: ئاو، هەوا، زیندەوەر و ڕووەک، زەوی، ئاسمان، خۆر، توانا بایۆلۆجی و کیمیاویی و فیزیاییەکانی ... ، وە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانیش، بریتی یە لە دەسەڵاتی سەرمایەدار، خاوەن موڵک، خاوەنداریەتی... بەسەر ئەم هێزە بەرهەم هێنەرانە و چۆنیەتی بەکارهێنانی دا. بریتی یە لە بەستنەوە و جڵەوگرتنی هێزەکانی بەرهەم هێنان، لەو چوارچێوەو فۆڕمانەی بەرهەم هێناندا ،کە گەشەو بەردەوامی و گارانتی خۆ بەرهەم هێنانەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان و دەوڵەمەند بوونیان ئەکات.
پێشبڕکێ ،  نەخشەکێشان ، تاقی کردنەوە، تێکدان، بەرپێ گرتن، بوارکردنەوە،  نوێکردنەوە...ی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان، لە چوارچێوەی مێژوویی پاراستنی ماف و دەسەڵات و دەستورەکانی خاوەندارێتی و دەست بەسەری و چەوساندنەوەی چینایەتی دا،  بریتی یە لە میکانیزمی بەردەوامی سەروەرێتی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان بەسەر هێزەکانی بەرهەم هێناندا... هێزەکانی بەرهەم هێنان، سروشت و مرۆڤ، چەندین بەتواناو دەوڵەمەند و فرە بوار و  پڕ هێز بن،  چەندین بە زەوق و گەش و دڵ خۆش کەر بن، گیرۆدەی یاسا و دەستوور و  بەرژەوەندی خاوەندارێتی مێژوویی  سەروەرێتی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانن.
بوون و ڕۆڵی مێژوویی  پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان، بریتی یە لە بەرفراوانکردنی خۆی بەسەر هێزەکانی بەرهەم هێناندا. بریتی یە لە کۆکردنەوەی "هەموو" هێزە بەرهەم هێنەرەکان لە ژێر ڕکێفی خۆی دا. بەڵام هێزە بەرهەم هێنەرەکان زیندوون، پڕ بوارن،  پڕ لە داهێنان و لە بزووتنەوەی هەمیشەیدان، بە پێچەوانەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانەوە کە قاڵبێکی مێژوویی دیاری کراویان هەیە، و تەنها کاتێک ئەم پەیوەندیانە ئەتوانن ئەم هێزە زییندووەی بەرهەم هێنان بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە کە بیان خاتە قاڵبی مێژوویی خۆیەوە.  بۆ ئەوەی بتوانێت ئەمە بکات، ئەبێت لێیان هەڵبژێرێت، ڕایان بێنێت، بەریان پێ بگرێت، هەڵیان تەکێنێت و دایان مەزرێنیتەوە، تێکیان بشکێنێت، لەناویان بەرێت، لەبەریەکیان بترازێنێت، "بچووک گەورەبکات و گەورە بچووک کاتەوە"!  نهێنیەکانیان کۆکاتەوەو داهێنانی تیا بکات... بەم هێنان و بردنەش هەم پەرە بەو هێزانەی بەهەم هێنان ئەدات کە توانیویەتی لەقاڵبی خۆی بات، وە هەم خۆی باڵ ڕائەکێشیت و   خۆی دائەکوتیت و  لەسەر ئەم پەرەسەندنە خۆی تازە ئەکاتەوە.

سۆشیال دیمۆکراتەکان لە ناو ئەم هاوکێشە دیاری کراوەدا ( کە هەردوو سەری سەرمایە خۆیەتی) ئیش ئەکەن و بیردۆزە ئابووری و سیاسی و کرێکاریەکانیان دا ئەڕێژن. لە ناو ئەم هاوکێشەیەدا " خەبات" ە کانیان ئەکەن.
کەڵەکەبوونی سەرمایە، کاری کرێ گرتە، بەها، پارە، فۆڕمەکانی بەرهەم هینان، داهێنان و دامەزراوە ئابووری و تەکنیکی و ووزەیی و بایۆلۆجی و کیمیاویی و زانیاری و سیاسی....یەکان، ئەمانەهەمووی، ئامراز و پێکهاتەی ئەم دەسەڵاتە مێژووییەی پەیوەندیەکانی بەرهەمیانە بەسەر هێزەکانی ژیاندا( مرۆڤ، زەوی، ئاو، هەوا، گیانەوەر، ڕووەک، زانیاری، ووزە، هەست و خۆشەویستی و توانا کۆمەڵایەتیەکان....) . بانیکۆک ئەم ناکۆکیە شموولیەی ڕووت کردۆتە و گوشیویەتی لە فۆڕمێکی ئابووری دا. لێرەشەوە خەباتی ڕوخاندنی سەرمایەداری کردۆتە بەرهەمێکی میکانیکی حەتمی پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداری خۆی بە پلەی یەکەم و خۆڕێکخستن و ئامەدەبوونی سیاسی کریکاران بەدەم ئەم پەرەسەندنە حەتمیەوە بە پلەی دووەم.

مێژووی کۆمەلگای چینایەتی بریتی یە لە دەوڵەمەند بوونی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لەسەر حسابی هیزەکانی بەرهەم هێنان! دەوڵەمەند بوونی سەرمایە لەسەر حسابی مرۆڤایەتی! ئەو بەشانەی هێزەکانی بەرهەم هێنان ، یان راستر چۆنیەتی پەرەسەندی هێزەکانی بەرهەم هێنان لە ڕێی پەیوەندیە چینایەتیەکانەوە، هەم زۆر کەم و بەرتەسکە لەچاو ئەوەی کە لەبەردەست مرۆڤایەتیدایە، لەچاو زیندوویی ژیان و سروشتدا، وە هەم زۆر شێواو ناسروشتی و بێ ژیانە! لە چاو بوونی زیندووی سروشت و ژیان خۆیدا. ئەمە ناوەڕۆک و زەمینەی خەباتی کۆمۆنیزمە دژ بە مێژوویی چینایەتی. تا کۆمەڵگای چینایەتی بەردەوام بێت، تا پەیوەندیە چینایەتیەکان زاڵ بن، تا پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان بەدەسەڵات بن، هێزەکانی بەرهەم هینان بەگشتی لە تەعزیب و زیندانی و دەست بەسەری و کۆیلایەتی و خزمەتی دەسەڵاتی پەیوەندیە چینایەتیەکاندان ، وە هەر بەو عەزاب و سەرکوتکردنەشەوە پێش ئەکەون، هەر ئەوەندەش پێش ئەکەون کە ئەو عەزاب و سەرکوتکردنە بواریان بۆ بڕەخسێنێ .
جەنگ و سەرکوتکردن و دەست بەسەری و قەدەغەکردن و دیاری کردنی بوارەکانی ژیان و دیاردە عەزاب دەرەکانی تری ئەمڕۆی کۆمەڵگای سەرمایەداری بریتی یە لە تێکشکاندنی جیهانی هێزەکانی بەرهەم هێنان و تازەکردنەوەو دەمەزەرکردنەوەی پەیوەندیە چینایەتیەکان( پەیوەندیەکانی بەرهەم هینان).

وەکو هەموو سەردەمەکانی تری ئەم جەنگە چینایەتیە، تێکشکاندی هێزەکانی بەرهەم هێنان و خۆتازەکردنەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان، ناکرێت بەبێ تووندکردنەوەی ئەو هیزانەی بەرهەم هینان کە بوار بە خۆتازەکردنەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان ئەدات. پەرەپێدانی بەکارهێنانی ئەو هیزانەی بەرهەم هێنان( ئەمڕۆ کیمیاوی، ووزە، بایۆلۆجی، ئینتەرنێتی ، داو دەرمان، خواردن و خواردنەوەی کۆنتڕۆڵ کراو، میدیا.. ، ئەلکترۆنی و ڕۆبۆتی...زاڵە) کە بوار بۆ باڵڕاکێشانی پەیوەندیە چینایەتیەکان ئەکاتەوە، وە ڕاگرتن و خستنەلاوەو تێکشکاندنی ئەو هێزانەی بەرهەم هێنان کە ئەمە ناکەن. بەم مانایە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان هەر هانی تێکشکاندنی شێوەی بەرهەم هێنان و هێزە لاکەوتەکانی بەرهەم هێنان نادات، بەڵکو جڵەوی هێزە هەرە پێشکەوتن خوازەکانی بەرهەم هێنەرەکانی

گرتووە، و تەنها بەو شێوەیە بوار بە پەرەسەندنی ئەدات کە لە ئێستادا لە بەرژەوەندی ئەودایە، کە خۆی تیا تازە ئەکاتەوە، کە مرۆڤایەتی تیا کۆت و بەند ئەکات...

کۆمۆنیزم پێویستی ژیان و توانای بەردەوامی هیزە بەرهەم هێنەرەکانە ، بە بەرفراوانترین مانا سروشتی و کۆمەڵایەتیەکەی ، نەک ئاستێکی باڵاتر، یان پێشکەوتن خوازتر لە بەرهەم هێنان، یان پەرەسەندنی سەرمایەداری، یان پرۆژەی خۆ بەڕیوەبردنی کار و کرێکاری, یان پرۆژەکانی کاری هەرەوەزی و دیمۆکراسی.
شۆرشی کۆمۆنیزم پرۆژەی ژیانە ، بە هەردوو مانا بەردەوامی و ڕزگارکردنەکەشی، کە لە رابردوودا بە پرۆژەی، یان نەمطی بەرهەم هێنان ناوبراوە، مەبەست لە بەرهەم هێنانی ژیانە بەو پەڕی توانا سروشتی و کۆمەڵایەتیەکەیەوە، نەک بەرهەم هێنانی ئابووری سیاسی بەمانا سۆشیال دیمۆکراتەکەی.
پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان، نەمطی بەرهەم هێنانی سەمایەداری، سیستەمی بەها، بوونی سەرمایەو دەسەڵات ...تەنها ڕێگە بە بوون و گەشەسەندی ئەو جۆرە لە هێزی بەرهەم هێنان ئەدات کە ئەتوانێت لەسنووری پەیوەندیەکانی دا، لە ژیر دەسەڵاتی دا، پەرە بەخۆی و بە پەیوەندیەکانیش بدات. ئەو بەشە لە هێزەکانی بەرهەم هینان، پرۆلیتاریا بەر لە هەموویان، کە سەرمایە بۆی هەڵ ناسوڕێت(5)، یان هەڕەشەی مێژوویی لە دەسەڵاتی پەیوەندیەکان ئەکات، ئەکەوێتە بەر هێرشی سیستەماتییک و هۆشیارانەی ئەوانەوە کە جڵەوی مێژوویی پەیوەندیەکانیان گرتووە: پاڵەوان و شازادەکانی چینی سەروەر، خاوەن موڵک و سەرمایەو بانق و دامەزاوە جۆر بەجۆرەکان و ئەوانەی لە خزمەتیاندان...
شۆڕشی کۆمەڵایەتی یاخی بوون و دەست پێشخەری هێزەکانی بەرهەم هێنانە، **دەست پیشخەری پرۆلیتاریایە وەک دەربڕی هۆشیارانەی هێزی زیندووی ژیان** ، دژ بە پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان، دژ بە بوونی چینایەتی ژیان، بەڵام لەسەر و هەموویانەوە، دژ بە سەروەری وپاڵەوان و شازادەو دامەزراوەکانی چینی سەروەر.
شۆڕشی کۆمەڵایەتی تەقینەوەیەکی کوێرانە و ئابووریانەی ئەو بەشە لە هێزەکانی بەرهەم هێنان نی یە کە سەرمایە زاڵە تیایدا، بەڕووی بەر تەسکی ئەو پەیوەندیانەدا کە تیا ئەژی، وەک سۆشیال دیمۆکراتەکان بانگیشەی بۆ ئەکەن، بەڵکو تەقینەوەی زیندوو هۆشیارانەی هێزەکانی ژیانە، بەتایبەتی ئەو هێزانەی کە سەرمایە بۆی هەڵناسوڕێت و بەردەوام خەریکی دەستکاری کردنیانە و لە دژایەتی کردن و تیکدانیانیان کۆڵ نادات، بەڕووی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێناندا، لەسەرو هەموویانەوە، بەڕووی کارامەو پسپۆڕو شازادەو دامەزراو بەدەسەڵاتەکانی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێناندا. بەڕووی بەشی بەدەسەڵات و هۆشیار و بەزەبری ئەم پەیوەندیانەدا.
شۆڕشی کۆمۆنیزم خەباتێکی کوێرانەییی مێژوویی نی یە کە بە گۆچانی ئابووری دیمۆکراسی بڕوات

-------

4) توانای هەڵسوراندنی سەرمایە لەسەر بنەمای بەها ، خاوەنداریتی، پیوانەو ژماردن، دابەشکردنی ئیش و بازاڕی کردنەوەی جیهانی بەرهەمەکە...، ئەچێت بەڕیوە. ئەو هێزانەی بەرهەم هێنان کە ئەم هەڵسوڕانە قبووڵ ناکەن، یان بەرفراوان و قوڵ و زیندوون( وەک پرۆسیسی بایۆلۆجی ژیان، لەدایک بوون و پەرەسەندن، بوونەوەرەکان و ژمارەکانیان، ئاوو دەریاو ئاسمان، زەوی.. بۆ نموونە) سەرکوت ئەکرێن، تێک ئەدرێن، پەرت پەرت ئەکرێن، ئەخرێنە پرۆسیسی درێژ خایانی دەست بەسەریەوە...

بەرەو سەرکەوتن! خەباتێکی چاوو ساغ و زیندوو بە هۆشی ژیانە دژ بە بوون و سیستەمی مێژوویی چینایەتی. خەباتی چاوساغ و بەهۆشی ژیانی پڕۆلیتاریای جیهانیە دژ بە چاو ساغ و پسپۆڕو دەسەڵاتی چینی سەروەر. ئەم مل ملانێ جەو هەرەییە کە دووسەد ساڵە سۆشیال دیمۆکراتەکان، بە هاوبەشی پسپۆڕەکانی خاوەنداریتی، ئەی خنکێنن، ئەیشێوێنن و ئابووری و دیمۆکراسانەی ئەکەنەوە .
ووردەکاریەکانی ئەمڕۆی پەلاماری پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان بۆسەر هێزەکانی بەرهەم هێنان، لە پێش هەموویانەوە بۆسەر بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، شاڵاوی دەست بەسەری و دەرمان خواردکردن و دەرزی لێدانی پڕۆلیتاریایە، گرتنەوەی بوارەکانی ژیانە، دەست تێوەردان و کۆنترۆڵ کردنی ژیان لەهەموو ڕووەکانیەوە... سڕینەوەی سیفاتە مرۆییەکان، قورس کردنی توانای بەردەوامیدان بە ژیان، بە زیندوویەتی، بە هەستکردن بە بوون... ئەم ووردەکاریانە پڕۆژەیەکی بە ئاگاو هۆشیارانەی ڕابەرانی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانە لە خۆ تازەکردنەوەی دا. پڕۆژەی پاککردنەوەو ڕێکخستنەوە و خستنەوە ئیشی جیهانی هێزەکانی بەرهەم هێنانە، لەپڕۆژە ی خۆ تازەکردنەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێناندا. کە ئەوەی چەند ساڵێکە هەڕەشە لە سەروەریتی ئەم پەیوەندیانە ئەکات و بە وەسیلەکانی ڕابردوو نەتوانراوە کۆنترۆڵ بکرێت، ئەمڕۆ هێنراوەتە سەر چۆک، ئەوەی کە بۆنی ئەوەی لێ دێت بەم زوانە ببێتە هەڕەشە کەری سیستەمەکە لە قەفەز کراوە، ئەوەی بۆتە بار بەسەر ئەم پەیوەندیانەوە خراوەتە لاوە، بەمەش بەشێوەیەکی کاتی و سەردەم جادەی پەیوەندیە چینایەتیەکان تەخت کراوە و بە پاسدار گیراوە، بۆ بەردەوامی سەردەمێکی "گەش و پاراو" لە سەرمایەداری، بەڵام ویران و داما و لە مرۆڤایەتی...

**سەرکوتکردنی هێزەکانی ژیان تاکە ڕێگەی سەروەری و بەختەوەری شازادەکانی سەرمایەیە، یاخی بوونی هێزەکانی ژیان تاکە ڕێگەی بەردەوامی ژیان و بەختەوەری مرۆڤایەتی یە**
**بڕوخێت سیستەمی چینایەتی بەهەموو پەیوەندیەکانیەوە**
**بژی کۆمۆنیزم بەهەموو هێزەکانی ژیانەوەبڕوخێت سیستەمی چینایەتی بەهەموو پەیوەندیەکانیەوە**
**بژی کۆمۆنیزم بەهەموو هێزەکانی ژیانەوە**

**ئەدرێسی بڵاوکراوەکانمان**

https://kilombo.top/

https://in.kilombo.top/

https://www.proletariosinternacionalistas.com/

**internationalist@riseup.net**